## باسی دووەم:

# کۆماری میللی کوردستان لەگێژەنگی هەڵوێستو سیاسەتی هەرێمیو نێو دەوڵەتیدا

ئاشکرایە کەراگەیاندنی کۆماری میللی کوردستان لەشاری مەهابادو دامەزراندنی دامو دەزگاکانی بەرێوەبەرایەتییەکی کوردی لەلایەن سەرانی ح.د.ك ەوە قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە بوو کە بۆجوڵانە وەی نەتەوەیی گەلی کورد لەئێران هاتبووە پێشو هەوڵێك بوو بۆ هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ کەببێتە فاکتەری فشار لەسەر لێپرسراوانی ئێرانی لەتاران تا دان بەلانی کەمی مافە نەتەوایەتییەکانو ئینسانییەکانی گەلی کورد لەچوار چێوەی ئێرانێکی دیموکراتیك دابنێن، بەوتایەکی دی حکومەتە کوردییەکەی مەهاباد بانگەشەی سەربەخۆخوازیو جیابوونەوەی کوردستانی لەئێران نەدەکردو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتو یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراو تێنەدەکۆشا ستراتیژێکی بەم جۆرە نەلەبەرنامەی حیزبدا شوێنێکی هەبوو، نەلەپراکتیکیشدا هەوڵی بۆ دەدرا، چونکە رێبەرانی ح.د.ك وێڕای ئەوەی بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆو یەکگرتوو خەونو ئاواتیان بوو، بەڵام باوەڕیشیان بەو راستیە هەبوو کەهەلو مەرجی نێوخۆییو هەرێمیو نێودەوڵەتی ئەو قۆناغەی بەردەم جوڵانەوەی کوردایەتی هەر ئەوەندەی تێدا لەباردا بووبێتەدی [1].

هەر بۆیە دەبینین کەپێشەوا قازی لەزۆربەی وتارو چاوپێکەوتنەکانیشدا رێزی خۆیو حکومەتەکەی بۆ یەکێتی خاکی ئێرانو یاسای بنەڕەتی ئێرانی دووپاتکردۆتەوەو بانگەوازی بۆ لێپرسراوانی دەسەڵاتی ناوەندی کردووە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی تێبکۆشێنو واز لەکەڵەکەگاییو دیکتاتۆری بێننو چاوێك بە سیاسەتەکانیان بەرامبەر گەلی کورد لەئێراندا بخشێنینەوە، ئەو سیاسەتانەی لەرووی نەتەوەییو ئینسانییەوەچ مافێکی بەکورد رەوانە دیبوو، بەپراکتیکیش بۆ دادۆشینی ئابووری کوردستانو تواندنەوەی گەلی کورد لە بۆتەی نەتەوەی زاڵدا تێدەکۆشا، بەمجۆرە لەبەر تیشکی ئەو رساتیەی سەرەوەدا دەتوانرێت بوترێت کەستراتیژی سیاسی ـ سوپایی کۆماری میللی کوردستان ستراتیژێکی رادیکالانەو هێرش بەرانە نەبوو، بەڵکو ئاشتیخوازانەو هێمنانەبوو، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیو چارەسەرکردنی گرفتەکان لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندیدا بڕوای بەخەباتی سیاسیو گفتوگۆ بوو نەك لەشکرکێشیو توندو تیژی، دامەزراندنی سوپای میللی کوردستانیش بۆ نمایشو پاراستنی دەستکەوتەکەو سەپاندنی بوو بەسەر هەردوو حکومەتی ئازەربایجانو تاراندا گەر رەتکرایەوە.

نوێنەری رۆژنامەی (وطن یولدا/ لەرێگای نیشتماندا) لەچاوپێکەوتنێکیدا پرسیاری لەپێشەوا کرد:

---

(1) أرفع ئەو نەخشەیەی کوردستانی مەزن کە لە ئۆفیسەکەی پێشەوا قازی محمد هەڵواسرابوو بەبەڵگەی سەربەخۆیخوازیکۆمار دەهێنێتەوەو  دەڵێت قازی محمد خوازیاری ئەوەبوو ببێتە ڕابەری هەموو کوردەکانی خۆرهەلاتی ناوەراست. أرفع ,س.پ, ل86.

www.pertwk.com

پرسیار: لەتاران دەڵێن کوردان بەرەهبەری جەنابت جویٚ بوونەوەو ئیستقلالی کوردستانیان دەوێ، ئایا راستە؟

وەڵام: نەخەیر راست نییە، لەبەر ئەوەی کەئێمە لەدەوڵەتی ئێران ئیجرای قانونی ئەساسیمان دەووێ دەمانەوی بەخودموختاری لەژێر بەیداغی ئێران دا بژین، وەخود موختاریشمان وەگیر کەوتوە" (1).

کاتێکیش پەیامنێری رۆژنامەی (مردم) دەربارەی چۆنێتی پیادەکردنی ئەو خودموختارییە کە پێشەوا دەیگوت چوار ساڵە لەکوردستاندا بەرقەرارە، پرسیاری کرد، پێشەوا بەم شێوەیە وەڵامی داوە:

" کاتێکی ویستمان خودموختاری لەکوردستان بەعەمەلی پیادە بکەین هەڵبژاردنمان کرد، نوێنەرانی ناوچەکانی کوردستان هاتنە مەهاباد، هەیئەتێکیان بۆ بەرێوەبردنی کاروباری خەڵکی کوردستان و دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی هەڵبژارد، ئەم هەیئەتە بەناوی (هەیئەتی رئیسەی میللی) ناونرا" (2).

لەلایەکی دییەوە گەر سەرنجی ناوەرۆکی بابەتەکانی رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کۆمارو وتارەکانی پێشەواو سەرانی دی حکومەتی کوردستان بدرێت، جگە لەوەی پێداگرتن لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و باس لەخواستە ئازادیخوازەکانی گەلی کورد لەئێران و لەقاودانی سیاسەتی دیکتاتۆری و سەرکوتکەرانەی رەزاشا، چ هێرشێکی بۆ سەر دەوڵەتی ئێران و خودی شەخسی محەمەد رەزاشا تیادا نابینرێت، بانگەشەی راپەرین دژی دەسەڵاتی ناوەندیی و سەرنگون کردنی رژێمی شاهەنشاهی بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو دان بەدەسەڵاتی ناوەندیدا نراوەو داواشی لێکراوە کە ئەویش حیسابێك بۆ حکومەتی میللی کوردستان و ئامانجەکانی بکات، هەروەك پێشەوا لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەی (فرانس پریس) ئاماژە یبۆدا" کورد رازی ئەبێ ئەگەر حکومەتی ناوەندی بریار بدا قانونی دیموکراتی لەهەمو ئێراندا جێبەجێ بکریو، دان بنێ بەو قانونانەدا کەئێستا لەکوردستاندا سەبارەت بەخوێندنی کوردیی و ئوتونومی بەرێوەبەرایەتی ناوچەیی و لەشکر کاریان پێ ئەکرێ" (3).

شایەنی باسە رژێمی محەمەد رەزاشا و دەسەڵاتدارانی تاران کەبەدرێژای ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بەئاگرو ئاسن وەڵامی نارەزایی و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و عەشریەتە کوردەکانی کوردستانی ئێرانیان دابۆوەو جوڵانەوەکانیان لەبانەو، ورمێ و، هەورامان و مەریوان لەرێگای لەشکرکێشی و کوشت و کوشتارەوە دامرکاندبوون، ئامادەییەکیان نەبوو دان بەشتێکدابنێن بەناوی کێشەی نەتەوایەتی لەئێرانداو بەرنامەیەکیان بۆ دابین کردنی ماف نەتەوە نەفارسەکانی وڵات بەدەستەوە نەبوو، ئەوان لەو باوەرەدا بوون کەچەسپاندنی رژێمێکی دیموکراتی لەئێراندا کەتیایدا جۆرە یەکسانییەك لەنێوان نەتەوەکانی وڵاتدا بێنێتەدی بەتەواوی پێچەوانەی بنەماکانی دەوڵەتی شاهەنشاهییە کەلەسەر باڵا دەستی رەگەزی فارس و ناوەندییەتیەکی توندوتیژو پێشێلکردنی ماف نەتەوە نەفارسەکان بەناوی ئێرانیییەتەوە دامەزراو، هەر لەبەر تیشکی ئەم بۆچوونەش و لەسەرەتاوە

---

(1) شریف،س.پ, ل38.

(2) مردم, تهران, 11 بهمن 1324.

(3) وەرگیراوە لە:ئەمین , حکومەتی کوردستان, ل233.

www.pertwk.com

چینی دەسەلاتدارانی ئێرانی لەتاران هەڵوێستیان لەکۆماری میللی کوردستان و داواکارییە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی وەرگرتن بەوەی هەرەشەیەکی مەزنە لەسەر دەسەڵاتی ناوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵات و هەوڵێکە بۆ لەت و پەتکردنی خاکی (پیرۆزی) ئێران، جگە لەوەی سەراپای مەسەلەکەشیان بەدەست تیۆردانی بێگانەو هەوڵی کۆمۆنیزمخوازی و سەربەخۆ خوازی دایە قەڵەم و سەرانی کۆماریشیان بە: یاغی، اشرار، وطن فرۆش، (جالەهاو خائین) لەئاخاوتن و بڵاوکراوە رەسمییەکانی حکومەتدا نیوزەد دەکرد[1]، ئەم هەڵوێستە دژانەیەی رژێمی محەمەد رەزاشا بەراتمبەر کۆماری میللی کوردستان لەلایەکەوە بۆ شێواندنی رووی راستیەکان و خۆدزینەوە بوو لەدانانی رێگاچارەیەکی ئاشتیانەی کێشەی کورد لەئێران، لەلایەکی دیشەوە بۆ راکێشانی سەرنجی حکومەتەکانی تورکیاو عێراق و سوریا و زلهێزەکانی وەك ئەمەریکاو بەریتانیا و وڵاتە سەرمایەدارەکانی دی رۆژئاوا بوو تا پشتگیری حکومەتی ئێرانی بکەن و لەو قەیرانە سیاسیە قوڵەی تێب کەوتووە بەقازانجی دەسەڵاتی ناوەندی دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکەن.

صدری قازی نوێنەری مەهابادو ناوچەی موکریان لەیەکێك لەدانیشتنەکانی خولی چوارەدەی مەجلیسی شورای ئێرانیدا رایگەیاند:" شتێك نییە لەمەهاباد بەناوی جوڵانەوەیەکی سەربەخۆ خوازی.. ئەوانەی ئێوە بەیاخی نێویان دەبەن چەند مانگێك بەر لەئێستا بەتەلەگرافێك (150 فرسەخیان بڕی و خۆیان گەیاندە تاران " [2]، لەئاخاوتنێکی تریدا صدر بەئەندامانی مەجلیسی وت:" خەڵکی کوردستان هی چکاتێك بیریان لەجیابوونەوە نەکردۆتەوەو بەپێی عەقیدەو مەزهەبیان هەمیشە گوێڕایەڵی حاکمی وەختیان کردووە، ئەو کۆمەڵە کۆمۆنیستییەی لەکوردستاندا باسی لێوە دەکرێت چ راستیەکی بۆ نییە.. بەداخەوە کاتێك تۆمەت هەڵدەبەسترێت مەهاباد بەشی شێری بەردەکەوێت، کەچی وەختی دابەشکردنی بودجەی وڵات بۆ فەرهەنگ و تەندروستی ئەم شارە ناوی لەکولەکەی تەڕیشیدا نییە" [3].

لەلایەکی ترەوە هاتنی بارزانییەکان و ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کوردستانی عێراق بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا بۆ ناوچەی موکریان ببووە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی رۆژنامە رەسمییەکانی حکومەتی ئێرانی ئەوانەی لەنوسینەکانیاندا هەوڵی چەواشەکردنی رای گشتی و ئاوەژووکردنەوەی راستیەکانیان دەداو پروپاگندەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە گوایە بارزانییەکان تاقمێك چەکداری دزوو رێگری بێ پرنسیپن و بەفیکی بێگانەو بەمەبەستی ئاژوەگێڕی و هەرەشە

---

(1) رۆژنامەی (جبهه) ی زمانحاڵی حیزبی ئێران لە وەڵامی بڵاوکراوە ڕسمییەکانی حکومەتدا نوسیویە (( ناڕەزایی لە سەراسەری ئەم مەملەکەتەدا حوکمفرمایە , گوتمان تەنیا ترسی سەرە نێزەیە ڕیبگرە لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران , ئەمڕۆ هێزێك لە ئازەربایجان هەیە و خەڵکی بە پاڵپشتی ڕادەپەڕن , ئەگەر سبەی هێزێکیش لە کرمان پەیدا بێت , کرمانێکی برسی و ڕووت , کرمانێکی بێ چارە کە لە سەدا نەوەتی بە نانی شەو موحتاجن , ئەوا بێگومان لەوێش ڕاپەرین دەست پێدەکات . ئایا ئەگەر لە هەر چوار گۆشەی مەملەکەتدا ئاڵای ڕاپەرین هەڵکرێت , هێشتا حکومەت هەموویان بە یاخی و موتەجاسر ناو دەبات)). جبهە, تهران, 30 آذرماه1324.

(2) کوهستان , 28آبان 1324.

(3) هـ.س, 5 آذرماه 1324.

www.pertwk.com

لەسەروەری دەوڵەتی شاهەنشاهی سنوریان بەزاندووەو بونەتە داشی دەستی یاخیانی مەهاباد" [1].

شایەنی باسە ڕاگەیاندنی کۆماری میللی کوردستان لە ساتێکدا بوو کە بۆشاییەکی حکومەتی لە تاران پێکهاتبوو , چۆن وەك دەزانرێت (ابراهیم حکیمی) ی سەرۆك وەزیران لە بەرواری 20ی کانوونی دووەمی 1946 دا دەستی لەکار کێشایەوە, شەش ڕۆژ دوای ئەو مێژووە نوێنەرانی مەجلیسیشورا بە دەنگێك زیاتر (أحمد قوام سلطنة) [2] یان بە سەرۆك وەزیرانی نوێ هەڵبژارد [3]،قەووام کە سیاسەتکارێکی دنیادیتە و فێڵباز بوو , هەرچەند تێڕوانینێکی ئیجابیانەی لە ئاست کێشەی نەتەوایەتی کورد و جوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری ئێران نەبوو و لەم بوارەشدا لە سەرۆك وەزیرەکانی دی پێش خۆی نیاز پاکتر نەبوو. بەڵام لەبەر تیشکی ئەو ڕاستیە هەنگاوی دەنا کە ناکرێت لەو قۆناغەدا هێرشێکی سەرتاسەری بکرێتە سەر جوڵانەوەی میللی ئازەربایجان و کوردستان و دواتر ئازادیخوازانی ناوچەکانی تری ئێران. چونکە بەڕای قەووام بوونی هێزەکانی سووپای سوور لە باکوریووڵات ڕێگری بەدیهاتنی هەنگاوێکی بەمجۆرەیە, هەر بۆیە پیویستە یەکەم هەوڵ بۆ دەرکردنی هێزەکانی شورەوی لەئێران دەست پێبکرێت و سوپای سور لە هەر ڕووبەڕووبونەیەکی ئایندەیی نێوان حکومەتی ئێران و هەردوو دەسەڵاتە ئازەری و کوردیەکە بیٚ لایەن بکرێت دواتر قەوام لەرێگەی چەند تاکتیکێکی دیماگۆجیانەی زیرەکانە دەتوانێت یاری بەکارتەکانیناوخۆو دەرەوە بکات و بنەماکانی هەردوو دەسەڵاتەکەی تەورێزو مەهاباد کلۆر بکات و دوای بە ناوخۆیی کردنی مەسەلەکە و دابڕینی لە فاکتەری نێو دەوڵەتی هەنگاوی دووەم بنێت و گورزی خۆی لێیان بوەشێنێت.

بەم شێوەیە قەوام سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان وکێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران بەرنامەیەکی جیاوازی لە حکومەتەکانی پێش خۆی لە هەگبەدا نەبوو , ئەو لە کاتێکدا تۆڕێکی جاسوسی فراوانی دامەزراند کەە ووردترین هەواڵەکانی کوردستان وئازەربایجان و ناوچەئاڵۆزەکانی

---

(1) شایەنی باسە (جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا) کەئەوسا لەتاران وەك پەناهێندەیەك دەژیا، بەرامبەر ئەم هێرش و پەلامارەی رۆژنامە رەسمییەکانی ناوەند بۆسەر بارزانییەکان خۆی پیٚ ڕانەگیراو بەوتارێك وەڵامی داونەتەوەو سروشتی ئازادیخوازیو دژی ئیستعماری ڕاپەرینی بارزانی بۆ رای گشتی ئێرانی روونکردۆتەوە، ئێمە پێشتر دەقی وتارەکەمان لەفارسیەوە کردۆتە کوردیو بۆ یەکەم جار بلاومان کردۆتەوە. بڕوانە:

کوردیار، قارەمانی شۆرشی ئاگرداغ بەوتاریك بارزانی وەك رابەرێکی نەتەوەییو ئازادیخوازی کورد بەرای گشتی ئێرانی دەناسێنێت، گۆڤاری مەتین، ژمارە 94،چریادویٚ، 1999، ل3–8.

(2) ئەحمەد قەوام ئەلسەلتەنە موڵکدارێکی گەیلانی گەورەو سیاسەتکارێکی کۆنە ساڵی سەردەمی قاجارییەکان بوو، لەبزاڤی مەشرووتە خوازیدا وەك ئازادیخوازێك بەشداری کردووەو بەخەتەخۆشەکەی داواکاریی مەشرووتەخواکانی دەنووسی، رێك پۆش و شیعرزان و خۆش مەشرەب بوو، حەزی بەیاری پۆکەرو کۆڕی ئەدەبی دەکرد، لەساڵی 1910–1911 وەزارەتی جەنگی گرتەدەست، لەساڵی 1911 وەزیری ناوخۆو لەساڵی 1921–1922دا بۆیەکەم جار بووە سەرۆك وەزیرانی ئێران، تا ساڵی 1946 چەند جارێکی دی پۆستی سەرەك وەزیرانی گرتۆتە دەست، سەرچاوەکان بەگشتی لەسەر لێهاتوویو زیرەکی قەوامو پەیوەندی توندوتۆڵی خۆیو بنەماڵەکەی بەئینگلیزەکانەوە لەئێران یەکدەگرنەوە.

عاقلی , باقر, میرزا أحمد خان قوام السلطنة در دوران قاجایە و پهلوی, چاپ دوم , چاپخانە أحمدی,1377, انتشارات جاویدان “

نیا, جعفر مهدی , زندگی سیاسی قوام السلطنة, چاپ دوم , تهران , تابستان 1366.

(3) آوری , س.پ, ل29.

www.pertwk.com

تری پێبگەیەنێت [1]، لە کاتێکدا کە ڕۆژلەدوایڕۆژ لەشکری شاهەنشاهی و بنکەکانی سووپای ئێرانیلە ناوچەکانی باشووری کوردستان بەهێز دەکران و سەنگەر بەندییان دەکرد, لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی سەربازی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەت ڕۆژانە دەیەها کەسیان لەپیاوە ناودارەکانی کورد دەگرتو دوریان دەخستنەوەو عەشیرەتە کوردە دەوڵەتخواکانیان لەکۆمار هان دەدا[2]، لەم کاتەدا قەووام کەوتبووە وازییەکی سیاسیو دبلۆماسی بەهێز لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوەی ئێران، لەم وازییەشدا قەوام مەسەلەی کوردو کۆماری میللی کوردستانی بەبەشێك لەو ئاژاوەیە تەماشا دەکرد کەشورەوی لەئازەربایجانی ئێرانی بەرپای کردووە. هەر بۆیە پێی وابوو کەپێویست ناکات ئاوڕێکی تایبەت لەکوردستان بدرێتەوە، چونکە بەدەرکردنی سوپای سور لەئێرانو چارەسەرکردنی م ەسەلەی ئازەربایجان، مەسەلەی کوردستان بەشێوەیەکی ئوتۆماتیکی کۆتایی دێت. بەمجۆرە قەوام ئەلسەلتەنە لەگەڵ ئەوەی خۆی بەروویەکی دیموکراتیخوازو دۆستی شورەوی دەدایە قەڵەمو بەرگێکی فریو دەرانەی لەم ڕووەوە پۆشیووە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە کەوتە سازدانی زەمینەیەکی گونجاو لەرووی سیاسی، دبلۆماسی، سەربازیو لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوەوەی ئێران تا هەردوو دەسەڵاتە میللیەکەی تەورێزو مەهاباد بهاڕێچت.

لەبەر ئەوە جێگای سەرسوڕمان نییە، لەکاتێکدا ڕێبەرایەتی کۆماری میللی کوردستان بەمەبەستی نیاز پاکی شاندیکیان لەکۆتایی کانونی دووەمی 1946دا رەوانەی شاری سنە کرد تالەگەڵ حاکمی ئێرانی ئەو شارە بکەونە گفتوگۆو داخوازییەکانیان پێشکەشی حکومەتی ئێرانی بکەن، دەسەڵاتدارانی تاران هەڵوێستێکی رەسمیو ئیجابیان لەدواکارییەکانی شاندەکە نیشان نەدا کەبریتی بوو لە دان پیانان بەمەهاباد وەك ناوەندێکی کوردستانی باکورو دامەزراندنی ئەنجومەنێکی بەرێوەبەرایەتی لەکوردستانو بەکوردی کردنی زمانی رەسمی ناوچەکەو رازی بوون بەخەرج کردنی بری 4/3ی داهاتی ناوچەکە بۆ ئاوەدانکرنەوەو چارەسەرکردنی گرفتە ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە خۆی [3]، هەر لەم قۆناغەدا رقو کینەی محەمەد رەزاشا لەسەرانی کۆمارو دەستکەوتە نەتەوەییو دیموکراتییەکانی گەیشتنە رادەیەك بری 100/000 تومانی لەگەنجینەی ئەخسی خۆی بۆ لەناو بردنی ح.د.ك تەرخان کرد [4]، جگە لەوەی هەوڵێکی زۆر درا نفوزی کۆمار بەرەو ناوچەکانی دی

---

(1) قەوام لە یاداشتەکانیدائاماژە بە م تۆرە جاسوسیانە داوە ودەڵێت بە هۆی ئەم تۆڕەوە هەواڵەکانی خۆئامادە کردن بۆ ڕاپەرینمان لە هەمەدانەمازەندەران و مەلایەر زانی و زوو پێشگیریمانلێ کردن, شایەنی باسە(حسین مکی) مێژوونوسی ئێرانی ئەندامێکی چالاکی ئەم تۆرە جاسوسیانە بووەو بە هۆی ئەوەوە بوو ڕاپەرینی مەلایەر پوچ کرایەوە. بڕوانە: عاقلی ,س.پ,ل442.

(2) لەشاری سنەو سەقز کەسانی وەك (رەشید دەباغی , شیخ الاسلامی, موحسینی جەعفەر زادە, ئەحمەدی عەبەڕەش) گیران. لە ناوچەی مەریوانیش جگە لە چەند کەسایەتیەکی ناودار محمد خانی کوڕی محمود خانی کانی سانانیش گیراو دوورخرایەوە. کوهستان ,16 اردیبهشت 1325 و 13 خرداد 1325.

(3) د.ك.و, الوحدة الوثائقية, ملفات البلاط الملكي, الملف4953, الوثيقة 41و الوثيقة 69, ص77 و 124في 6شباط 1946" البكاء س,س.پ, ل220.

(4) د.ك.و, الوحدة الوثائقية, ملفات البلاط الملكي, الملف4953,الوثيقة 177, كتاب المفوضية العراقية في طهران بتأريخ 5تشرين الثاني 1945, ص 322.

www.pertwk.com

کوردستانی وەك سنەو کرماشان سەرەو ژێر نەبێتەوەو لەناوچەی موکریاندا قەتیس بکرێت، تالەژێر ئەو گەمارۆ ئابورییەی تاران بەسەر ناوچەکەدا سەپاندبووی، ئەو ئەزموونە بەرێوەبەرایەتییە کوردییە رۆژ بەرۆژ لاوازتر بێت و هەل و مەرجی رووخاندنی لەناو خۆدا بۆ برەخسێت.

لەراستیدا فاکتەری ئالۆزی جیوسیاسی کوردستانی ئێران رۆڵێکی یارمەتیدەرانەی دەدایە دەسەڵاتدارانی تاران تا پیلانەکانیان دژ یکۆماری میللی کوردستانی بەئاسانی جێبەجێ بکەن و لەم بوارەشدا هاودەردی و هاوکاری هەردوو دەوڵەتی عیراق و تورکیا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، وەك دەزانرێت پروپاگەندەی خەستی دەزگا راگەیاندنەکانی دور لەراستی حکومەتی ئێرانی و هەندێك ئاژانسە بێگانەکان لەمەر هەوڵی سەربەخۆ خوازی کوردەکان و ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کەسەرانسەری خاکی کوردستانی مەزن بگرێتەوە بەهاوکاری و پاڵپشتی روسیای شورەوی، بەجارێك ترس و لەرزی لەدڵی چینە دەسەلاتدارەکانی تورکیاو عیراق خستبوو، چونکە وەك ئاشکرایە تورکیا مەزنترین پارچەی کوردستانی لەخۆ گرتووە کەزۆرترین ژمارەی کوردی تیادا دەژین و لەکەمترین ماف نەتەوەیی بێ بەشن و لەباروردۆخێکی ناهەمواردا دەگوزەران، بگرە هەر بەکوردیش ناو نەدەبران.

لەعێراقیشدا زۆر نەبوو رژێمی پاشایەتی بەهەزار دەردەسەری و بەهاوکاری هێزە هەواییەکانی ئیستعماری بەریتانی توانیبووی راپەرینی بارزان (1943ـ1945) دامرکێنێت و راپەریوەکان بۆ ئەو دیو سنور دەرپەرێنێت، پەرەسەندنی رووداوەکانی موکریان و بەشداریکردنی بارزانییەکان لەسوپای میللی کوردستاندا ئەوەی دەکردە چاوەروانی رژێمی پاشایەتی لەعێراق کەبەپەرەگرتنی نفوزی کۆمار زۆر نابا مەلا مستەفاو هاورێکانی دەگەرێنەوە ناوچەی بارزان و ئەمجارە شورەویش پاڵپشتیانەو لەجاران خراپتر ئالچۆزی بۆ سەراپای وڵات دەگەرێتەوە، هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە بەدرێژایی تەمەنی کۆمارو تاپەنابردنی مەلا مستەفا بۆ شورەوی و ببووە دێوزمەی رژێمی پاشایەتی هاشمی هەراسانی کردبوو. لێرەوە ئاسایی دێتە بەرچاو کە هەردوو دەوڵەتی عێراق و تورکیا بەوریایی و ترسەوە چاودێری رووداوەکانی کوردستانی ئێران و کارەکانی کۆماری میللی کوردستانیان دەکردو کەوتبوونە تا پلانی هاوبەش و گونجاو بۆ رووبەرووبوونەوەی ئاکامە (زیانبەخشەکانی) لەسەر ئاسایشی وڵاتەکەیان دابنێن، گەر هاتوو لەداهاتوودا مەسەلەکە لەسنوری کوردستانی ئێرانی تێپەراند.

(اسماعیل نامق) سەرۆکی ستادی گشتی سوپای عێراق لەرۆژنامەی (الجهاد)دا سەبارەت بەبایەخدانی حکومەتی عێراق بەرووداوەکانی کوردستانی ئێران رایگەیاند:" زۆر بەوردی هەل و مەرجەکەمان خستۆتە ژێر چاودێرییەوە، مەلا مستەفای بارزانی کەلەساڵی 1945 دا راپەرینی کوردەکانی عێراقی رابەرایەتی دەکردو ئێستا لەئێرانەو لەناوچەی نفوزی شورەویدایە، ئەو هەواڵانەی لەکوردستانەوە بەدەستمان گەیشتوون باس لەوە دەکەن کەبەم زوانە کوردەکانی عێراقیش رادەپەرن، دەوڵەتی عێراق بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم خەتەرە بەهەموو جۆرێك خۆی ئامادە کردووە، بەتایبەتی لەسەر سنورەکانی ئێران ـ عیراق، تالەکاتی قەومانی هەر رووداوێکی بەمجۆرەدا بۆ بەرەنگاری دەست بەکاربێت" (1).

---

(1) الجهاد, العدد51, 20 آذار 1946.

نوێنەری یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراقیش لەلایەن خۆیەوە ئەوەی ڕاگەیاند کەحکومەتی عێراق داوای تەسلیم کردنەووەی مەلا سمتەفای لەحکومەتی ئێران کردووە، بەڵام ئەوان وەڵامیان بەو جۆرە داوەتەوە کەمەلا مستەفا لەناوچەی دەسەڵاتی شورەویدا دەسوڕێتەوە، شورەویش بونی مەلا مستەفای لەئێران سەلماندووە، بەڵام ئەوەی ڕەتکردۆتەوە کەلەناوچەی نفوزی هێزەکانیدا بێت (1)، ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف/ the daily telegraph) سەبارەت بەئەگەری هەڵایسانی شۆڕشی کوردەکانی عێراق نوسیویە:" کوردەکانی عێراق زۆر بەوردی گرنگی بەڕووداوەکانی ئێرتان دەدەن، گومانی تێدا نییە کەهەڵایسانی جوڵانەوەیەکی کوردی لەعێراقدا زادەی سەرکەوتنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران دەبێت، ئەگەر شۆڕش لەکوردستانی عێراق هەڵگیرسێ، ئەوا ئەو شۆڕشە هەڕەشە لەکارگەو چاڵە نەوتەکانی کەرکوك و بۆری نەوتی حەیفاو تەرابلی دوکات"(2).

ڕۆژنامەی (المصری) چاپی مسریش لەلایەن خۆی ئەم ترس و دڵەراوکێیەی عێراقی دووپاتکردۆتەوەو باسی لەوە کردووە کە حکومەتی عێلاپق ترسی ئەوەی هەیە جوڵانەوەی کوردەکانی ئێران ببێتە مایەی گەڕانەوەی مەلا مستەفاو ڕاپەڕینی کوردەکانی عێراق، ئەو ڕاپەڕینەی کە بۆ دەوڵەتی عێراق زۆر زیانبەخش دەبێت، چونکە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ مانای لەدەست چوونی سەر زەمینێکی فراوان و چاوگەنەوتییەکانی باکوری وڵات دەگەیەنێت کە زۆر دەوڵەمەندن، هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەهەڵوێستی حکومەتی عێراق داوە کەزۆر بەتوندی دژی کارێکی لەو چەشنە دەوەستێتەوە، بەوردیش چاودێری یەکێتی شورەوی ودەکات بۆ ئەوەی بزانێت کەتاچ ڕادەیەك شورەوی ئارەزووی گەیشتنی بەچاڵە نەوتەکانی کەنداوی لەکەللەدایە، چونکە مەسەلەیەکی وا چاوەڕوانکراوو ئەو دەمەش نەعێراق و نەبەریتانیای هاوپەیمانی لەپیلانێکی وا بێ دەنگ نابن"(3).

بەم شێوەیە لەکاتێکدا حکومەتی عێراق 3/2ی هێزەکانی کەلە 4 لەشکری سەربازی و 7000 پۆلیس پێکدەهات لەسەر سنوری کوردستانی عێراق - ئێران کۆکردبوۆە(4)، لەهەمان کاتدا لەناوخۆی کوردستانی عێراقیشدا چەند تاکتیکێکی دیماگۆجیانەی گرتە بەرۆ کەگەلی کوردی پێ بخافڵێنێ، بۆ نمونە لەکاتێکدا حکومەتی ئێرانی وەك بەشێك لەبەرنامەی گەمارۆ ئابورییەکەی بەسەر کۆماردا، خۆی لەکڕینی بەرهەمی توتنی ناوچەی موکریان دەبواردو نرخی کڕینی توتنیشی لەباشووری ناوەند کوردستانی ئێران بەڕێژەی 25٪ کەم کردبوۆە، دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عێراقی نرخی کڕینی توتنیان لەکوردستانی عێراق بەرزکردەوە، غەفوری میرزا کەریم لەیادداشتەکانیدا نوسیویە:" لەو کاتەدا ڕژێمی گەندەڵ و دواکەتوویی عێراق بەفیتی ئینگلیز بۆ ئەوەی ئاغاو کوێخاو ناوداران و کوردپەروەران نەچنە ژێر ئالای بەرزو پیرۆزی (کۆماری کوردستان) لەمەهابادو ڕازی بن بەوە یلەکوردستان بمێننەوەو پشتگیری لەکۆمارەکە نەکەن نرخی توتنیان بەرزکردەوە.. ڕاگەدرا توتن لەشارەزوورو گەرمیانیش بچێن،ن هەرچەندە توتنەکەشیان باش نەبوو بەڵام ڕژێم هەر بەنرخی ئەوانی دی وەری

(1) مهر ایران, تهران 25 فروردین 1325.

(2) شەمزینی ,س.پ, ل222.

(3) وەرگیاوە لە : کوهستان و9أردیبهشت,1325.

(4) هـ.س, 30 أردیبهشت, 1325.

www.pertwk.com

دەگرت.. دوای ئەوەی كۆماری كوردستان روخێنرا، رژێم نرخی تووتنی هێناوە خوارەوەو فشاری خستە سەرو سیاسەتی پێشووی گۆڕی" (5).

لەلایەكی دییەوە حكومەتی عێراق بەناوی دژایەتی شیوعیەتەوە هانی هەندێك لەئاغاكانی كوردی عێراقی دەدا كەبچنە پاڵ سوپای ئێران‌و لەدژی كۆماری میللی كوردستان چەك هەڵگرن، بەتایبەتی لەناوچە سنوورییەكانی وەك پشدەر، بۆنمونە (حەسەن ئاغای بێزیلە)و (مامەندنی حاجی هەباس ئاغا)ی برای بابەكر ئاغا لەو ئاغایانە بوون كەدژی كۆمار چەكیان هەڵگرتبوو، هەروەها ئەم جۆرە كەسانە خەریكی جاسوسی كردنیش بوون بەسەر ئەو كوردە عێراقییە نیشتمانپەروەرانەی دەستی هاوكارییان بۆ كۆمار درێژ دەكرد(1).

گرتن‌و دوورخستنەوەی خێزانی ئەو كەسانە لەكوردستانی عیچراقەوە دەچوونە مەهاباد، هەنگاوێگی دژانەی دیكەی حكومەتی عێراق بوو، بۆ نمونە دوای رۆیشتنی حەمە رەشید خانی قادر زادە لەپێنچوینەوە بۆ موكریانی ئازاد موتەسەڕیفی سلێمانی خێزانەكەی گرت‌و دووریخستەوە (2).

حكومەتی توركیاش لەوە دەترسا جوڵانەوەی نەتەوەیی پەرەگرتووی كوردەكانی ئێران ئاكامی زیانبەخشی لەسەر ناوچە كوردنشینەكانی توركیا هەبێت، جگە لەوەی ئامادەباشییەكی لەو ناوچانە وەرگرتبوو كەلەمێژ بوو دەسەڵاتی سەربازی‌و حوكمی عورفی تێدا راگەیەندرابوو، هێزێكی سەربازی گەورەشی لەسەر سنوری كوردستانی توركیا ـ ئێران مۆڵدابوو، هەروەها كونسوڵخانەی توركیا لەورمێ رۆڵێكی پرۆپاگندەیی گەورەی یاری دەكردو هەواڵی درۆیان دەربارەی داكشانی سوپای سور بۆ سنورەكانی توركیاو عێراق بلاودەكردەوە تا رای گشتی حكومەتەكانی ناوچەكە دژی شورەوی‌و هەردوو كۆماری ئازەربایجان‌و كوردستان بەقازانجی دەسەڵاتی ناوەندی ئێرانی بوروژێنن (3)، لەلایەكی تریشەوە حكومەتی توركیا بۆ ئەوەی ترسی خۆی لەرووداوەكانی كوردتانی ئێران بشارێتەوە هەوڵی ئاوەژوو كردنەوەی راستیەكانیان دەدا، بۆ نمونە (سراج اوغلو)ی سەرەك وەزیرانی توركیا سەبارەت بە چالاكی نەتەوەیی كوردەكانی ئێران رایگەیاند:" شۆرشی ئەم دواییەی كوردەكانی ئێران جوڵانەوەیەكی مەزهەبییەو هیچ ئامانجێكی سیاسی‌و نەتەوەیی نییە"(4).

رۆژنامەی (جمهوریت)ی توركیش بەراشكاوی ئامارەی بەوەدا كەسیاسەتی شورەوی لەئێراندا هەرەشە لەعێراق‌و توركیا دەكات‌و دامەزراندنی حكومەتێكی كوردی لایەنگری شورەوی خەتەرێكی گەورە لەسەر ئاسایشی هەردوو وڵات دروست دەكات، هەر بۆیە پێویست بەوە دەكات عێراق‌و توركیا پەیوەندییەكانیان چەشنێكی واتوندو تۆڵ رێكبخەنەوە كەلەسەر ئاستی رووبەرووەوەبوونەوەی هەر هەرەشەیەكی لەناكاودا بێت" (5)

---

(5) میرزا كەریم ,س.پ, لل28-30.
(1) پشدەری ,س.پ, ل41.
(2) مەنگوڕی ,س.پ , ل 214-215.
(3) العانی , س.پ,ل201.
(4) كوهستان، 26 فروردین 1325.
(5) السبعاوی، عونی عبدالرحمن، العلاقات العراقیە-الترکیە1932-1958، الموصل، 1985، ص138.

لەراستیدا حکومەتی تورکیا کەبەم شێوەیەو بەرواڵەت خۆی لەراستیەکان گێل دەکرد، ژێر بەژێر کەوتبووە پەیوەندی کردن بەحکومەتی عێراقەوە تا پلانی گونجاو هاوبەش دژی پەرەسەندنی جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران و ئاکامەکانی لەسەر کوردەکانی هەردوو وڵات دابرێژن. بۆ ئەم مەبەستەش لە28ی شوباتی 1946دا (نوری سەعید)ی سەرەك وەزیرانی عێراقی سەردانی تورکیای کردو گفتوگۆی نهێنی لەم رووەوە دەست پێکرا، لەئاکامدا هەردوو لاگەیشتنە رێکەوتنامەیەك لەم9ی‌مارسی 1946دا کەناوەرۆکەکەی لەلایەن رۆژنامەی (دیلی میل / the Daily mail) ەوە ئاشکرا کرا کەدەڵێت:" پێویستی بەستنی ئەم پەیمانە بەو شێوەیە لەوەوە هاتووە کەپاکتی سەعد ئاباد لەکارکەوتووەو دۆزی ناسیونالیسی کورد مەترسییەکی مەزنە لەسەر ئاسایش و ئاشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەراست دا"(1).

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوراستیە بدرێت کەئەو لێشاوە پرۆپاگندەییەو تۆمەتانەی کەلە لایەن دوژمنانی کۆماری میللی کوردستانەوە بلاودەکرانەوە بۆتەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە نوسنەکانیاندا ئاماژەیان بەو ئەزمونە مێژووییەی گەلی کورد لە ئێران داوە بکەنەوە هەلەی زەق و بیٚوردبونەوە هەوالی ناراست و تۆتی دروسکراو لەجیاتی روداوە مێژووییە راستە قینەکان رابگوێزن وبلاویان بکەنەوە .

(روح اللە رمضانی ) لەیەك دووشوێنی کتێبەکەیدا کە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران نوسیویە،باس لە ح.د.ك دەکات وەك حیزبێکی کۆمۆنیست و بە بەشێك لە حیزبی تودەی ناو دەبات و سەرانی کوردیش بەیاخی نێوزەد دەکات ، (2).

سابیلیەش لەیەکێك لە کتێبەکانیدا دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان وحکومەتی ئازربایجان بەپیلانێکی ئاژاوەگێرێری شورەوی لەقەلەم دەدات و دەلیچت گوایە میر جەعفەر باقرۆف داوای لەکوردەکان کردووە بەپالپشتی سوپای سور کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن ،دواتر نوسەر چەندلە هەلەیەکی تری کردووە . گوایە شورەویوکان پەیمانی (هاوکارییان) لەگەل کۆماری میللی کوردستان مۆر کردووە و سوپای کورد تێکەل بەسوپای سور بوون و هێزەکانی کۆماری بەیەکەی تانکو زرێپۆش وتۆپی قورسو خومبارەی بازۆکا چەکدارکراون(3).

گازیورسکی‌ش کە هەمان بۆچوونی سابیلیەی هەیە سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمارو وەك پلانێکی ئاژاوەگێری شورەوی بۆ دەستخستنی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران دەخاتە بەرچاوو لەگۆشەیەکی کتێبەکەیدا نوسیویە:" هێزەکانی شۆرش (واتە هێزی پیچشمەرگەی کوردستان ـ ل) بەپاڵپشتی گویٚ لەمستانی غەیرە نیزامی شورەوی کۆنترۆلی هەوردوو کۆمارە خودموختارەکەیان دەپاراست"(4).

هەرچی نوسراوی هەندێك نوسەرە ئەکادیمییە ئێرانییەکانە، ئەوانیش هەمان هەڵەی پیاوانی دەوڵەتی شاهەنشاهی وەك (زنگنە، دهقان و ارفع) یان دووبارە کردۆتەوەوو فاکتەری شورەوییان

---

(1) وەرگیراوە لە قادر، جەبار، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999، ل71.

(2) رمضانی، س.پ، ل 113،111.

(3) سابلییە، س.پ، ل 241-242.

(4) گازیورسکی، س.پ، ل88.

www.pertwk.com

کردۆتە فاکتەری یەکەمو کۆتایی مەسەلەی دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان، بۆنمونە (قوبادی ئێرانی) ئاماژەی بەوەداوە کە هەر راستەوخۆ دوای دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان، یەکێتی شورەوی بەرەسمی دانی پێداناوە[5]،(فاطمي)یش باسی لەوە کردووە گوایە شورەوی رۆڵێکی کاریگەری لەهاندانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد لەئێران دیتووەو سوپای سور داوای لەسەرۆك عەشیرەتەکانی کوردستان کردووە کەهاوکاری جوڵانەوەکە بکەن، لەوەش زیاتر فاتمی پێی لێ داگرتووەو نوسیویە گوایە سوپای سور ئابڵوقەی گوندە کوردنشینەکانیان داوەو ئەو ەسرۆك عەشریەتانەیان چەك کردووە کەلەگەڵ کۆمار نەبوونو ژمارەیەکیان لیچ زیندانی کردوون[1].

بەم شێوەیە دەتوانرێت بوترێت کە ئەم نوسەرانە ناومان بردنو چەندەهای دی وەك ئەوانە کە ناکرێت هەموویان لێرەدا ناو ببرێن بێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەپەرەسەندنی جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەئێران، بێ لەبەرچاوگرتنی هەلو مەرجی نێوخۆو رادەی بێزاری خەڵکی کوردستان لەدامو دەزگا گەندەڵەکانی دەسەلاتی ناوەندی، بێ خوێندنەوەی تێروانینی شورەویو پەیوەندی بەنەتەوە خوازانی کوردەوە، ئەو پەیوەندییەی کە اوری بە"نیوە گەرم ناوی دەبا"[2]، ئەمانە بریارێکی هەڵەیان سەبارەت بەزل کردنی رۆڵی شورەوی لەمەسەلەی دامەزراندنی کۆماردا داوەو چاویان لەراستیە مێژووییەکانی دیو فاکتەرە ناوخۆییەکانی مەسەلەکە نوقاندووە، هەروەك ئیگلتن ئاماژەی پێداوە، پەیوەندییەکانی کوردو شورەوی پەیوەندییەکی وابەستەیی نەبووە، بەڵکو بەویستی هەردوولاو بۆ بەرژەوەندی هەردوولا بووە، جگە لەوەی دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان بۆ زۆربەی لێپرسراوانی شورەوی لەئێرانو ناوچەکە رووداوێکی کوتوپڕو جێی سەر شوڕمان بووە[3].

لیچرەدا وێرشای ئەوەی ناتوانرێت فاکتەرە شورەوی وەك بەشێك لەفاکتەری دەرەکیو هاندەر بۆ گەیشتنی هەلو مەرجی دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان فەرامۆش بکرێت، بەلام پێویستە دان بەو راستیەشدا بنرێت کەبریاری دامەزراندنی کۆمار بریارێکی کوردانەی رووت بووەو بەرجەستەی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کردووە کەبەتەواوی لەمەسەلەی ئیمتیازی نەوتو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی شورەی لەئێران جیاوازە، وەك سەرچاوە مێژووییەکان دەریدەخەن کەپەیوەندی نێوان سەرانی کوردو شورەوی لەبوارێکی تەسکدا بووەو چ دان پیانانێکی رەسمی بۆ کۆماری میللی کوردستان لەلایەن یەکێتی شورەوییەوە بەرچاو ناکەوێت. سیاسەتی شورەوی بەرامبەر بەکوردو حکومەتی کوردستان لەمۆسکۆ وە دەست نیشان نەدەکرا، بەڵکو لەلایەن سەرانی ئازەربایجانی شورەوییەوە هەڵدەسەنگێنراو لەپەراوێزی مەسەلەی جوڵانەوەی میللی چەپی ئازەربایجانیشەوە بریاری لەسەر دەدرا [4].

لەمەهابادو دەوروبەریشیدا نەسوپای سوری لێ بوونەو نە تانکۆ تۆپو چەکی قورسیش بەکورد درابوو، دەسەلاتە کوردییە دامەزراوەکەش چص رەنگو بۆی شیوعییەتی نەدەدا، بەڵکو وەك (گوتام)

(5) Irani,R,American Diplomacy: An option Analysis of the Azerbaian crisis 1945-1946, stratigic studies Institute, U.S. Aremy war college, 1978,p22.

(1) Fatemi, oil diplomacy: powderkeg in Iran, Newyark, 1954, p.274- Borhonadin, op.cit,p178.

(2) اوری، س.پ، ل32.

(3) ایغلتن، س.پ، ل 139،123.

(4) Borhana din, op.cit,p 156.

وتەنی " کۆمارێکی میللی بوو، ڕۆحی نەتەوەیی بەسەریدا زاڵ بوو، قازی محەمەدیش مرۆڤێکی ناسیونالی ریفۆرمیست بوو، کەڵەگایی و خۆسەپاندنی نەدەزانی " [5]، ئەمەش نەك بەقازانجی شورەوی نەبوو بەڵکو جێگەی مەترسی و دڵە راوکێشیان بوو، چونکە لەوە دەسڵەمینەوە شەپۆلی نەتەوەیی کوردی لە مەهابادەوە بەرەو ناوچەکانی دی کوردستان پەل بهاوێت و ئاکامەی بەسەلبی لەسەر ستراتیژی شورەوی لەئێران و ناوچەکەدا بکەوێتەوەوشورەوی بخاتە خانەی ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتەکانی ناوچەکەو زلهێزە خاوەن بەرژەوەندییەکانی وەك بەریتانیاو ئەمەریکا، هەر بۆیە شورەوی کەهەر لەسەرەتاوە ئامادەیی ڕووبەڕووبونەوەیەکی ئەوتۆی لەبارەدا نەبوو قازانجی خۆی لەرێگرتن لەجوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەئێران و سەرکەوتنی یەکجارەکی دەدیتەوە [1].

دیارە وێڕای ڕەسەنایەتی جوڵانەوەی میللی و دیموکراتخوازی گەلی ئازەرو ڕەوایەتی ئامانجەکانی جوڵانەوەکەیان و پێشکەوتنخوازی دەستکەوتەکانی حکومەتی میللی ئازەربایجان کەخودی دپلۆماتە بێگانەکانیش لەهەندێك بۆنەدا ئاماژەیان بۆ داوە [2]، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاتێك بڕیاری لەسەر مەسەلەکان دەدرێت، پێویستە هەردوو دەسەڵاتەکەی تەبرێزو مەهاباد پێکەوە نەخرێنە تای تەرازوویەکەوە، خودی پێشەوا لەوەڵامی پرسیارێکی نوێنەری پەیامنێری ئاژانسی (فرانس پرێس)دا ئاماژەی بەم ڕاستیە کردووە کەوتویە:"هەل و مەرجی کوردستان زۆر جیاوازە لەهی ئازەربایجان، وڵاتەکەی ئێمە هەرگیز لەلایەن هێزەکانی شۆڤێتەوە داگیرنەکراوەو، لەو کاتەوە رضا شا وازی لەشاهێتی هێناوە، نەژاندارم، و نەهیچ هێزێکی تری ئێران نەهاتونەتە ناو کوردستانەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەو ساوە بەکردەوە سەربەخۆ ژیاوین، ئێمە هەرگیزچاوپۆشی ناکەین لەهیچ جۆرە دەستێوەردانێکی بێگانە لەهەر کوێوەبێ، کێشەی کوردستان بەتەواوی مەسەلەیەکی ناوخۆییەو ئەبێ لەنێوان کورد خۆی و حکومەتی ناوەندیدا لابەلا بکرێ.. ئێمە بەراستی حەز دەکەین ڕێگای پێشکەوتن بگرین" [3]، هەروەها پێشەوا لەوەڵامی پرسیارێکی (محمود هرمز)ی پەیامنێری ڕۆژنامەی (مردم) دا رایگەیاند (ئەوەچوارس الە خودموختاری لەکوردستاندا بەرقەرارە" [4].

لەراستیدا گردبوونەوەی موڵکدارو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی هەرێمی موکریان لەکۆماری و پێداگرتنی سەرانی ح.د.ك لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەئێران و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، هەروەها دوورکەوتنەوە لەهەر هەنگاوێکی رادیکاڵانە چ لەبەرنامەدا یاخود بەپراکتیك کەبۆنی شیوعیەتی لێوەبێت تێکرای ئەو تۆمەتانە پوچەڵ دەکاتەوە کەکۆماری میللی کوردستان دەسکەلایەکی دەستی شورەوی بێت و بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزم لەئێران و ناوچەکەدا دامەزرابێت.

---

(5) گوتام، س.پ، ل116.

Borhanedin, op.cit,p178. (1)

(2) کۆنسولی بەریتانی لەئێران یەکێك بوو لەوانەی ڕوداوەکانی ئازەربایجانی تەنیا بەهاندانی ڕوس نەدەزانی، بەڵکو پێی وابوو کەساختەچێتی و گەمژەیی دەسەڵاتدارانی تاران ڕۆڵی سەرەکی لەهاندانی جوتیارە ئازەرییەکان هەیە کەجگە لەتاران دوای دەسەڵاتێکی خۆی جێ بکەون.

الجبرانی، س.پ، ل108.

(3) وەرگیراوە لە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل 233-234.

(4) مردم، 11 دیماه 13245.

www.pertwk.com

لەســەر ئاســتی سیاســەتی نێودەوڵــەتی و هەڵوێســتی هێــزە مەزنــەکانی جیهــانیش، وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا کە لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمی جیهانی وەك زلهێزێکی خاوەن توانای ئابووری و سەربازی لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی دەرکەوتبوو, بایەخێکی گەورەی بە رووداو ە ناوخۆییەکانی ئێران دەدا و لە نزیکەوەچاودێری دەکرد, دیارە شوێنی گرنگی جیوسیاسی ئێران بەدرێژایی نزیکەی 2200کم لە باکورەوە سنوری لەگەڵ یەکێتی شورەویدا هەیە , هەروەها دەوڵەمەندی ئێران بە سامانی نەوتی و دواتر ڕوانینی بەسەر (تەنگەی هورمز) دا کە شوێنی تێپەر بوونی نەوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و وولاتەکانی کەنداوە بۆ بازارەکانی دەرەوە ئەمانەو زۆر هۆی دی کە ببونە فاکتەری زیاد بوونی بایەخ و ستراتیژی ئێران لە پلان و تێڕوانینە ئایندەییەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی ناوەراستی دوای جەنگ[1] سەبارەت بە کوردستانیش چ وەك بەشێك لە ئێران و چ وەك (أرنست بیڤن) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەیووت((کوردستان ناوچەیەکی نەوتینیە هەر بۆیە جێی خەباتی زلهێزەکان دەبێت لە وانەش وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)) [2].

لە ڕاستیدا ناوەندە ڕەسمییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموو جۆرە چالاکیەکی نەتەوەیی کوردیان لەئێران بەکۆمارە ساواکەی مەهابادیشەوە بەهەوڵی کۆمۆنیستانە لەقەڵەم دەدا کەشورەوی لەپشتیەوە راوەستاوە، دیپلۆماتەکانی ئەمەریکا لەئێران ئەوەیان دەخستە بەرچاوی دەسەلاتدارانی تاران کەبەرژەوەندی ئێران لەوەدایە وەك حکومەتێکی کۆمۆنیست مامەڵە لەگەڵ کۆماری میللی کوردستاندا بکەن و چالاکی نەتەوەیی کورد بەنۆکەرایەتی شورەوی نێوەزد بکەن، چونکە بەبڕوای ئەمەریکاییەکان کۆماری میللی کوردستان هەروەك هاوپەیمانەکەی لەئازەربایجان بازیچەیەکی دەستی شورەوییەکانەو ئاکامیشیان بەپەیوەست بوون بەیەکێتی شورەوییەوە کۆتایی دێت [3]، شایەنی باسە لەم بوارەدا راپۆرتەکانی دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان لەئێرانی ئەوە دەخەنە روو کەحکومەتی ولاتە یەکگرتووەکان بەترسێکی زۆرەوە روانیویەتە رووداوەکانی کوردستان و بەهەرەشەیەکی گەورەی لەسەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوری و ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لەئێران و رۆژهەلاتی ناوەراستدا لەقەڵەم داوە، بەمجۆرە لەم قۆناغە مێژووییەوە فاکتەری کوردی وەك فاکتەرێکی گرنگ لە ململانێ ئەمەریکی - شورەوی لەلایەن دەزگابایەخدارەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە تەماشا کراوەو حیسابی وردیشی بۆ کراوە.

(رۆسۆ) کەجێگری کۆنسوڵی ئەمەریکی بوو لەتەورێز لەراپۆرتێکی دا وتویەتی کەئەوەندە سەری لەخواست و ویستەکانی سەرانی کورد دەردەچێت، کۆماری میللی کوردستان ناوکێکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ کەتەواوی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیاو سوریا دەگرێتەوە، ئەو ناوچەیەی تا ئەسکەندەروونەی سەر دەریای ناوەراست درێژ دەبێتەوە، هەروەها رۆشۆ ئەوەی رونکردۆتەوە کە ئەم هەنگاوەی کورد لەخزمەتی یەکێتی شورەویدایە، چونکە بەپێی بۆچوونی رۆسۆ ئەگەر ئازەربایجان پردێك بێت شورەوی پێدا بپەرێتەوە بۆ ئێران، ئەوا بێگومان خەونەکانی قازی محەمەد لەپەلهاویشتن بۆ دەرەوەی کوردستانی ئێران خزمەتێکی گەورەتر پێشکەش بەشورەوی

---

(1) فردوست، س.پ، ل530-531.

(2) کوهستان، شماره 49، فروردین 1325.

(3) Borhanedin, op.cit,p179.

www.pertwk.com

دەکاتو ڕێگای پەرینەوەیان بۆ ناوچە نەوتیەکانی تورکیاو عێراقو کەنداو بۆ تەخت دەکات..
هەر بۆیە پێویستە بەدیهێنانی خەونەکانی یەکێتی شورەوی لەناوچەکەو مەسەلەی چالاکی نەتەوەیی کوردەکان لە یەك چوارچێوەدا سەیر بکرێن [4].

هەر لەسەرەتای ساڵی 1946دا دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەمەریکا سەرقاڵی ئەوە بوون ڕاستی ئەو هەواڵانە بزانن کەباس لەهەوڵەکانی شورەوی دەکات بۆ هێنانە سەرکاری ڕژێمێکی دەسکەلا لەتورکیا، (جورج کینان) هەڵسوڕێنەری کاروباری سەفارەتی ئەمەریکی لەمۆسکۆ وڵاتەکەی ئاگادارکردەوە کەپلانێکی دیاریکراوی شورەوی بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو جۆرە بەرچاو ناکەوێت، تەنیا سەرچاوە یەك لەم نێوەدا بتوانێت هەڕەشە لەسەر تورکیا بکات ئەو کوردە چەکدارە شورەویو خوازانەن کەلەسەر سنوری ئێران ـ تورکیا چالاکیان هەیە، هەروەها کینان ئەوەشی ڕونکردەوە کەبەڵگەیەکی وای بەدەستەوە نییە تێوەگلانی شورەوی لەکاروباری ناوخۆی عێراق بسەلمێنێتو جەخت لەسەر ئەو هەواڵانە بکات کەلەو ماوەیەی دواییدا دەربارەی هەوڵی شورەوی بۆ داگیرکردنی ویلایەتی موسل بڵاوبونەتەوە [1].

شایەنی باسە ئەو ڕاپۆرتو هەواڵە نهێنیانەی دەگەیشتنە دەزگا بەرپرسەکانی ئەمەریکا وایان لەحکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد کەهەڵسەنگاندنێکی ورد لەمەڕ شوێنی مەسەلەی کوردو کاریگەرێتی لەرهەندی هەرێمیو نێودەوڵەتی قەیرانە ئێرانییە دوای جەنگ بکات، (کۆمیتەی هەماهەنگی کەشتیگەلی جەنگی دەوڵەتی/State war-Nary Cordin ating commite) ئەمەریکی هەستا بەدەستنیشانکردنی ئەو ئەگەرانە ی کە ئەگونجێت لە ئایندەی چالاکییەکانی شورەوی لەئێراندا بێتەدی، کەیەکێك لەوانە بریتی بووولە "دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ئوتونومی دۆستی سشورەوی کە ئەو زەویانە بگرێتەخۆ کەدەکەونە باکوری ڕۆژئاوای ئێرانو باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق"، کۆمیتەی هەماهەنگی دوای ئەوەی لەراپۆرتەکەیدا جەختی لەسەر گرنگیو بایەخی ستراتیژی ئێران بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەهەموو ڕوویەکی بەرگرییو هێرش بردنەوە کردو ڕۆڵی ئێرانی وەك لەمپەرێك لەبەردەم بڵاوبونەوەی نفوزی شورەوییو کۆمۆنیزم لەناوچەکەدا بەگرنگ دانا، باسیشی لەگرنگی شوێنی جیۆسیاسی کوردستان کرد وەك پردێك کەشورەوی بتوانێ پیایدا بپەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراستو ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەراست [2].

سەبارەت بەئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دۆستی شورەویش، کۆمیتەی هەماهەنگی ڕونیکردەوە کە ئاکامی بەدیهاتنی کارێکی وا ڕیچگرییەکی مەزنو هەرەشەیەکی ڕاستەقینەیە لەبەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئێستاو ئایندەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەرۆژهەڵاتی نزیكو ناوەندی دەکات، چونکە گەر دەوڵەتیچکی وا دابمەزرێت، کەسەرچاوەکانی وزەی بەریتانیا کەخۆی لە بیرە نەوتەکانی کەرکوکدا دەبینێتەوە لەخۆ دەگرێت، ئاکامی مەسەلەیەکی واش شاراوە نییە، چونکە ئەو داهاتی نەوتەی ئێستا حکومەتی عێراق دەستی دەکەوێت ئەوسا دەچێتە گیرفانی کوردەکانەوە،

---

From Rossow to the secretary of state, Jan.2,1946,DSDF, 891/.0011-246,NA.Borhanedin, op.cit,p167. (4)

Borhanedin,op.cir,p181. (1)

Ibid,p182. (2)

Ibid,p183.(3)

www.pertwk.com

ئەوەش بۆ خۆی کارەساتێکی گەورە دەبێت بۆ حکومەتی عێراق و فاکتەری سەرەکی رووخاندنی دەبێت، ئالەم کاتەشدا ئەگەر هاتنە سەرکاری رژێمێك بۆ عێراق چاوەڕوانکراو دەبێت کەدۆستایەتی شورەوی لەولاتە رۆژئاواییەکان پێ چاکتر بێت. ئەگەر لێرەشدا ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کەزەوییەکانی عێراق بەرەو کەنداو درێژ دەبێتەوەو بەسەر چاڵە نەوتەکانی ئابادانیشدا دەڕوانێت، ئەوساتە قەبارەی ئەو هەرەشەیەمان بۆ روون دەبێتەوە کە چ مەترسییەکی راستەقینە لەسەر سەرچاوەکانی وزەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا دروست دەکات [3].

پێویستە بوترێت کەبەسەرنجدان لەبۆچونەکانی حکومەتی ئەمەریکا سەبارەت بەپەیوەندییەکانی کوردو شورەوی و هەرەشەی جولانەوەی نەتەوایەتی کورد لەسەر بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەمەریکا تارادەیەکی زۆر زێدەرۆیی کراوەو مەسەلەکە زیاتر لەرادەی خۆی قەبەکراوە، چونکە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆدا سەرانی کۆماری میللی کوردستان کۆمۆنیست نەبوون، پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ حکومەتی شورەویدا پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و هەڵقولاوی بیروباوەڕو پەیوەستی ئایدۆلۆژی نەبوو، سەرانی کۆمار خوازیاری ئەوە نەبوون ببنە بەشێك لەیەکێتی شورەوی وبچنە ژێر رکێفی رژێمێکی کۆمۆنیستییەوە، بەڵکو پەیوەندی کوردو شورەوی لەو راستییەوە سەرچاوەی دەگرت کەجگە لەیەکێتی سورەوی زلهێزێکی دی نەبوو ئاوڕ لەنەتەوە خوازانی کورد بداتەوەو لایەك لەخواستە نەتەوەییەکانیان بکاتەوە، ئەگەرەکو بەرژەوەندی خۆشیان بووبێت.

هەروەك (تفرشیان) ئاماژەی پێداوە: "لەهەل و مەرجی ئەو سەردەمەی دوا جەنگی دووەمی جیهانیدا روسیای شورەوی وەك قەلای میللەتانی چەوساوەو تاکە زلهێزی یارمەتی دەری بزاڤە رزگاریخوازەکانی گەلانی جیهانی سێ دژی رژێمە کۆنەپەرستەکانی سەر بەرۆژئاوا بوو، هەر بۆیە ئاسایی بوو گەلی کوردیش سوود لەو هەل و مەرجە جیهانییە وەرگرێت و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و خواستە سیاسییەکانی سوود لەو هاوکێشەی جیهانییە ببینێت" [1]، تەفرەشیان هەر لەم بارەیەوە وتەیەکی مەلا مستەفامان بۆ رادەگوێزێت لەمەڕ تێڕوانینی رابەرانی کورد بۆ هاوکێشە جیهانییەکە کەوتویە "ئەوە هەل و مەرجی جیهانییە والە روسەکان دەکەن یارمەتیمان بدەن، ئەوان ئێستا پێویستیان بەبوونی ئێمەیە لەم ناوچەیەدا، هەر بۆیە ئێمەش بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی خۆمان دەتوانین سوودیان لێوەربگرین" [2].

لەلایەکی ترەوە حکومەتی ئەمەریکا ئاگاداری کێشەی نەتەوە نەفارسەکانی ناو ئێران و ململانێیان بوو لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندیدا، (باکسچر) سەرۆکی بەشی تایبەت بەکاروباری رۆژهەلات لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەی بەسروشتی سیاسەتی دوژمنانەی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێران کردووە بەرامبەر خەڵکی ئازەربایجان و کوردستان، هەروەها دیپلۆماتێکی بەریتانی دەسەلاتی ناوەندی لەتاران ئاگادار کردۆتەوە کە تێکچوونی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ ئازەربایجان و کوردستاندا تەنیا لەئەنجامی سیاسەتی شورەوییەوە نییە، بەڵکو خراپی پێشینەی

(1) تفرشیان، ابوالحسن، قیام افسران خراسان، چاپ اول، انتشارات اطلس، ب.ج، 1367، ل113.
(2) هـ. س، ل113.

www.pertwk.com

مێژووی پەیوەندییەکانی هەردوولا پێویستە حیسابی تایبەتی بۆ بکرێت کەخودی باکسچەر ئاماژە ی بۆ بەشێکی ئەو مامەڵە خراپە کردووە کەدەسەڵاتی ناوەندی دژی کوردو ئازەر ئەنجامی داون (3).

لەلایەکی ترەوە وێڕای ئەوەی ڕێبەرانی کۆماری میللی کوردستان پەیوەندییەکان بەشورەوییەوە هەبوو، بەڵام لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان و پاراستنی ئەو دەستکەوتەی بەدیهاتبوو ئامادەیی ئەوەیان تێدابوو پەیوەندی بەهەر لایەکی دییەوە بکەن کەدەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکات، با ئەو لایەنەش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێت، بۆیە کاتێك پێشەوا لەکۆتایی نیسانی 1946دا چاوی بە (دۆهەر)ی جێگری کۆنسوڵی ئەمەریکی لەتەوریز کەوت، هەوڵی دا ئاگاداری خوێندنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ رووداوەکانی ئێران بێت و هەڵوێستی راستەقینەی حکومەتی ئەمەریکی لەمەڕ کێشەی کورد بزانێت. شایەنی باسە پێشەوا لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر پەرۆشی زانینی ئەوەە بوو کەتاچ رادەیەك ئەمەریکا چەسپاندنی یدموکراسی و هاتنەسەرکاری رژێمێکی دیموکراتیخوازی لەئێراندا مەبەستە.

دۆهەر لەوەڵامی پرسیارەکانی پێشەوادا رایگەیاند کەوڵاتەکەی نایەوێت دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانی دی وەردات، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەئەو ئالچۆزییەی لەئێراندا هەیە کێشەیەکی نێوخۆییەو ئەمەریکا خۆی لەدەست خستنە ناو ئەو مەسەلەیەوە دەپارێزێت(1). دۆهەر دواتر ئاشکرای کرد کەپێشەوا لەچاوپێکەوتنەکەیدا پێشنیاری ئەوەی کردووە کە گەلی کورد پێشوازی لەدەست خستنە ناوەوەی حکومەتی ئەمەریکا لەمەسەلەکەدا دەکەن بەمەرجێك بەمەبەستی کۆتایهێنانی سیاسەتی داپلۆسینی حکومەتی ئێرانی بێت کەبەرامبەر نەتەوە نەفارسەکانی ئێران گرتویەتیە بەر.

هەروەك دۆهەر دەڵێت پێشەوا پێشنیاری بەستنی پەیوەندی دۆستانەیەی لەنێوان کۆماری میللی کوردستان و حکومەتی ئەمەریکادا لەبواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و رۆشنبیریدا کردووەو دووپاتی کردۆتەوە کە داواکارییەکانی کورد لەئێراندا تەنیا بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمییە لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا(2). شایەنی باسە ئەم هەڵوێستە دۆستانەیە پێشەوا لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە وەڵامێکی ئیجابی نەدرایەوە، ئەم چاوپێکەوتنەوە چاوپێکەوتنەکانی دی لێپرساوانی ئەمەریکی لەناوچەکە لەگەڵ سەرانی کۆماردا دەرفەتێکی هەمواریان بۆ دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان پێکهێنا تا زانیاری زۆرتر لەسەر سروشتی کۆمارو داخوازییەکانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەئێران کۆبکەنەوە، رۆزفێڵتی یاریدەدەری وابەستەی سەربازی لەسەفارەتی ئەمەریکا لەکۆتایی ئەیلولی 1946دا سەردانی مەهابادی کردووەو چاوی بەپێشەوا قازی کەوتووە، پێشەوا دوای ئەوەی ئامانجی جوڵانەوەی نەتەوەی کوردی لەئێران بۆ روونکردۆتەوە بەوەی خوازیارن لەژێر رژێمێکی دیموکراسی فیدرالیزمدا بژین کەوەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەر هەرێمەو دەسەڵاتێکی

---

Borhanedin,op.cit,p.176. (3)

Ibid,p.180. (1)

Ibid,p.180. (2)

خۆجێی خۆی هەبێت، دواتر بەرۆزفێڵتی راگەیاند" گەر حکومەتی ئەمەریکا لەهەل‌ومەرجێکدا نییە دەستی هاوکاریمان بۆ درێژ کات، بالانی کەمیشی دژایەتی ئامانجەکەمان نەکات" [3].

وێڕای ئەو زانیاریانەش حکومەتی ئەمەریکا بڕیاریدا لەژێر ناوی پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی و یەکێتی خاکی ئێران دژی کۆماری میللی کوردستان پشتگیری تەواوی حکومەتی ئێرانی بکات و سەراپای مەسەلەکە بەفراونخوازی شورەوی بلاوبنەوەی کۆمۆنیزم لەناوچەکە بداتە قەڵەم، بەم شێوەیە لەو کاتەوە جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەئێران لەلایەن ئەمەریکاوە خرایە خانەی چەپخوازیی و مۆری دەسکەلای شورەوی لێدرا.

ئەگەر باس لەهەڵوێستی حکومەتی بەریتانیاش بکرێت، ئەوا پێویستە هەڵوێستی ئەم دەوڵەتە لەهەمبەر مەسەلەی کورد لەئێران و جوڵانەوە نەتەوەییەکەی هەر دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی ئەنگلۆ ـ شورەوییەوە لەئابی 1941 بێنینەوە یاد کەبریتی بوولەپشتگیری کردنی بێ ئەملاو ئەولای حکومەتی ناوەندیی و پێداگرتن لەسەر یەکێتی خاکی ئێران و رێگرتن لەهەوڵەکانی شورەوی بۆ قۆزتنەوەی بارە ئالۆزەکەی ئێران لەپێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیدا، جگە لەوە حکومەتی بەریتانیا کەبەرژەوەندییەکی ئابوریی و سیاسی گەورەی لەئێران و عێراق و ناوچەکەدا هەبوو بەتوندی دژی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەئێران رادەوەستاو بەمەترسییەکی راستەقینەی لەسەر بەرژەوەندییەکانی دادەنا. حکومەتی بەریتانیا لەرێگای کونسوڵخانەو دیپلۆماتەکان و تۆڕە جاسوسیەکانییەوە زانیاری وردیان لەسەر رووداوەکانی کوردستان و هەنگاوەکانی رێبەرانی کۆمار کۆدەکردەوەو حکومەتی ئێرانیان لێ ئاگادار دەکردەوەو ئامۆژگاریی و رێنمایی دەسەڵاتی ناوەندییان دەکرد، هەروەها بەریتانییەکان هەوڵیان دەدا لەناو عەشیرەتە ناودارەکانی ئێران و لێپرسراوانی مەدەمنی و سەربازی حکومەتدا لایەنگرو دۆست و دەسەندە بۆ خۆیان دۆزنەوەو تالەمەسەلەی بەرەنگار بوونەوە پیلانەکانی شورەوی و رێگرتن لەجوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری ئێرانی سوودیان لێوەرگرن، لەراستیدا سروشتی کۆمەڵگای ئێرانی و رژێمی شاهەنشاهی کەموڵکدارە گەورەو ئەفسەرە سوپاییە مشەخۆرە ئینگلیزخواکان نوێنەرایەتییان دەکرد فاکتەری سەرکەوتنی هەوڵەکانی حکومەتی بەریتانیا بوو لەئێراندا، ئەم حاڵەتەش ترسیچکی زۆری لەدڵی شورەوییەکاندا بەرامبەر بەئێرانی دوای جەنگ هێنابووە گۆڕێ، هەروەك رۆژنامەی (کیهان) دەڵێت:" روسەکان لەوە دەترسن گەر هاتوو هێزەکانیان لەئێران بکشێنەوە نفوزی دەسەڵاتی حەریفی باشوریان (واتە بەریتانیا ـ ل) بەکڵاوو پۆشاکی ئێرانییەوە حکومەت بگرنەوە دەست و هەروەك رابردوو بەرژەوەندییەکانیان لەئێراندا ژێر پێ بنرێت"[1].

لەراستیدا رۆڵە جاسوسییەکانی بەریتانیا لەسەر پیاوانی کۆمارو هەنگاوەکانیان ئەوەندە ببەهێز بوو پێشەوای سەرسام کردبوو، بەجۆرێکی وا بڵێت:"زۆرم پێ سەیرە، زۆر باسی نهێنی هەیە کەمغابەراتی ئینگلیزی دەزبەجێ دەیان زانی" [2]، بەم شێوەیە رۆژانە لەناو ح. د.ك و دەزگتاکانی دی کۆمارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا چەندەها راپۆرتی جۆراو ۆجر بۆ دەزگا لێپرسراوەکانی بەریتانیا

---

(3) ایغلتن، س.پ، ل190.

(1) کیهان، 27 تیرماه 1324.

(2) هەژار، س.پ، ل73.

www.pertwk.com

لەئێران بەرز دەکرانەوە. شایەنی باسە قازی محەمەد هەر پێش دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان چەند نوێنەرێکی [3]، ناردە لای کوسنوڵی بەریتانی لەتەورێز لەکۆتایی کانونی یەکەمی 1945دا تا ئامادەیی خۆی نیشان بدات بۆ بەستنی پەیوەندی دۆستایەتی لەنێوان حکومەتی بەریتانیاو کۆمارە کوردییەکەی نیاز وایە دابمەزرێنرێت [4]، ئەم دەست پێشخەرییەی قازی لەلایەن دەزگا رەسمییەکانی حکومەتی بەریتانیاوە وەڵامی ئیجابییانەی نەدرایەوە، چونکە هەروەك ئاماژەی پێکراوە، بەریتانیا دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی بەهەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوچەکەو فاکتەرە ئاڵۆزتر بوونی هەلو مەرجی نێوخۆی ئێران دەدایە قەڵەم، هەر بۆیە هەڵوێستی بەریتانیاش هەروەك ئەمەریکا هەڵوێستێکی دوژمنانەو بەقازانجی دەسەڵاتی ناوەندی ئێرانی کاری دەکرد. حکومەتی بەیرتانی بەردەوام پروپاگندەی وای بڵاو دەکردەوە کەجوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد جوڵانەوەیەکی خێڵەکییەو بناغەیەکی گونتجاوو بەهێزی بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی لەباردا نییە [1].

لەلایەکی ترەوە مەسەلەی خۆدواخستنی یەکێتی ورەوی لەبردنە دەرەوەی هێزەکانی لەئێران لەو کاتە دیاریکراوەی پێشتر هەمولایەك لەسەری رێکەوتبوون پەژارەیەکی گەورە یبوٚ بەریتانییەکان دروستکردبوو، چونکە ئەوان دۆخە ئالچۆزەکەی ناو ئێران و راپەرینەکانی خۆراسان و مازندەران و دامەزراندنی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری میللی کوردستانیان لەو گۆشەیەوە تەماشا دەکرد، حکومەتی بەریتانیا بەئومێدی هاوکاری کردنی رژێمی ئێرانی و بیٚ بەشکردنی شورەوی و لەکارتی گرفتە ناوخۆییەکانی ئێران و ناچارکردنی لەبردنە دەرەوەی هێزەکانی سوپای سور لەباکوری وڵات، هەر لەسەرەتاوە هەنگاوێکی نا، ئەو هەنگاوەش بریتی بوو لەپێشنیازەکەی (بیڤن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کەلەدووەمین کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵە هاوپەیمانەکان کەلەبەرواری 16ی کانونی ەیکەمی 1945 لەمۆسکۆ گیرا [2]، پێشکەش یبەشداربووانی کرد، ئەم پێشنیارەی بیڤن باسی لەدامەزراندنی کۆمسیۆنێك دەکرد لەنوێنەرانی هەرسیٚ زلهێزەکە (روسیا، ئەمەریکا، بەریتانیا) پێکبێت بۆ رێنمایی کردنی حکومەتی ئێرانی و هاندانی بۆ ئەنجامدانی چەند ریفۆرمێکی نیچوخۆی کەرەوشە ئاڵۆزەکەی ئێران ئاسایی بکاتەوە بەمەرجێك ئەم هەنگاوە ریفۆرمستانە لەژێر چاودێری کۆمسیۆنەکە بەرێوەبچێت [3].

---

(3) ایغلتن بەهەڵە ناوی عەبدولرەحمانی زەبیحی وەك یەکێك لەو دوو نوێنەرەی قازی ناودەبا کەنێردراونەتە لای کونسوڵی بەریتانی لەتەورێز، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوە، زەبیحی دوای کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دیموکرات لەورمێ گیراو ئەو دەمە لەتارانیٚ زیندانی بوو، ایغلتن، س.پ، ل117.

(4) العانی، س.پ، ل168.

(1) From the Amreican Embassy in londan to the Depart ment of state, May 14,1946,DSDF,891.0015-1446.NA.

(2) حیزبی رزگاری لەکوردستانی عێراقەوە بیرەوەرییەکی ئاراستەی بەشداربووانی کۆنفرانسی مۆسکۆ کردووەو تیایدا پشتگیری خۆی لەخەباتی برا کوردەکانیان لەکوردستانی ئێران دووپاتکردۆتەوەو سیاسەتی ئیستعماری بەریتانیان لەعێراق بەرامبەر گەلی کورد ریسوا کردووە.

شەمزینی، س.پ، ل199–200.

(3) دهقان، س.پ، ل711–712.

سەبارەت بەرێخستنی پەیوەندی هەرێمەکانی ئێران لەگەڵ ناوەندەدا بیڤن رایگەیاند:" لەراستیدا بەهیچ جۆرێك یاسایی بنەرەتی لەئێراندا جێبەجێ نەکراوە، بەپێی ئەم یاسایە کاروباری هەر پارێزگایەك دەبلێت بەدەست خەڵکی پارێزگاکەوەبێت، دوایی هەموو پارێزگاکان لەژێر بەرێوەبەرایەتی حکومەتی ناوندیدا کۆببنەوە، بەشێوەیەك ئێران وەك حکومەتێکی فیدراسیۆنی دەبێت" [4]، ئەم دیدەی بیڤن لەبەندی 4ی بەیاننامەی کۆمسیۆنەکە شوێنی بۆ کرابۆوە بریتی بوو لەئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکان بەپێی یاسای بنەرەتی ئێرانی. هەروەها لەدوا بەندیشدا کەبەندی 11 بوو کۆمسیۆن ئەرکی چاودێری هەڵبژاردنەکانی خستبووە ئەستۆی خۆی [5].

وەك دانپیانان و رێگای چارەسەری کۆمسیۆنە سیانییەکە بۆ کێشەی نەتەوە نەفارسەکانی ناو ئێران بەندی 7ی پێشنیازەکانی کۆمسیۆن داوای بەکارهێنانی زمانی ئەو نەتەوانە دەکات بەشێوەیەکی ئازادو لەکاروباری فێرکرندا، شایەنی باسە زمانی کوردی)یش وەك زمانێکی سەربەخۆیی نەتەوەیی لەم بەندەدا لەپاڵ زمانی تورکی و عەرەبیدا باسی لێکراوە [1].

لەراستیدا روسیای شورووی کەسەرەتا رەزامەندی لەسەر دامەزراندنی کۆمسیۆنەکە راگەیاندبوو، بەهیوای زیاتر بەدیهێنانی دەستکەوت لەرێگای دانیشتنی تاك لایەنە لەگەڵ ئێراندا خۆی لەمەسلەکە دزییەوە، ئێرانیش کەلەلایەکەوە شوێنێکی لەکۆمسیۆنەکەدا نەبوو، لەلایەکی تریشەوە جێبەجێکردنی یازدە بەندە ریفۆرم ئاساکەی کۆمسیۆنەکەی بۆ قووت نەدەچوو، بەتایبەتی دابەشکردنی دەسەڵات و بەکارهێنانی زمانە نەتەوەییەکانی گەلانی نەفارس کەلەگەڵ بەرژەوەندی چینی دەسەلاتداردا دژ بەیەك وبوون و باری ناوخۆی ئێرانی دەخستە ژێر چاودێرییەکی نێودەوڵەتی کەتاران بۆ سەروەری ئێران بەنەنگی دەزانی و دژی مەسەلەکە وەستا[2]، ئەمەریکاش پێشنیازەکەی بەریتانیای وەك هەنگاوێکی تەکتیکی بۆکردنە دەرەوەی سوپای سور قبوڵ بوو، ترسی خۆشی لەوە نەئەشاردەوە کە ئەنجامدانی ئەو ریفۆرمانەی پێشنیار کراون نفوزی شورەوی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەئێراندا دەچەسپێنێن هەر بۆیە ئەمەریکاش لەمەسەلەکە سارد بووو پێ باش بوو ئێران لەرێگەی پێشکەشکردنی سکاڵانامە بۆ بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەختی خۆی تاقی بکاتەوە[3].

لەسەر ئاستی ناوخۆش حیزبی تودە بەتوندی دژی کۆمسیۆنەکە وەستاو پێشنیارەکانی رەتکردەوە، حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و ح .د.ك یش بێ دەنگەیان لێکردبوو، هێزە نیشتمانییە ئێرانچییەکانیش بەگشتی لەپێشنیارەکانی کۆمسیۆنەکە دردۆنگ بوون، (محمد مصدق) کەئەندامێکی مەجلیسی خولی چواردە بوو لەبەرامبەر مەجلیسدا هێرشێکی توندی کردە سەر

(4) گذشته چراغ راه ایندا‌ست، ل309.

(5) هـ.س ، ل311.

(1) دهقان، س.پ، 712.

(2) اوری، س.پ، ل288" البحراني، س.پ، ل130.

(3) Borhanedin, op.cit,p190.

www.pertwk.com

کۆمسیۆنەکەو حکومەتی حەکیمی، ئەو هێرشەی کەرۆڵی خۆی هەبوو لەبزواندنی ئەندامانی مەجلیس بەدژی مەسەلەکە [4]، ئەمانە تێکڕا هۆکاری شکستی پێشنیارەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوون کە ئەگەر بەتەواوی پیادە کرابا پێدەچوو هێزە دیموکراتخوازەکانی ئێران و نەتەوە نەفارسەکان و تارادەیەك بەهرەیان لێ وەرگرتبایە.

بەهەر حاڵ مەسەلەی دەرکردنی هێزەکانی شورەوی لەباکوری ئێران بووە گرفتی سەرەکی و خولیای دەسەڵاتدارانی تاران و زلهێزەکانی وەك ئەمەریکاو بەریتانیا و تادەهات کاریگەری لەسەر کۆڕو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ململانێی زلهێزەکان لەناوچەکەدا زیاتر دەبوو، فردۆست ی هاوڕێی نزیکی محەمەد رەزاشاو بەرپرسی ئاسایشی دەربارو کۆشکی شاهەنشاهی، لەیادداشتەکانیدا نوسیویە:" محەمەد رەزا بۆ دەرکردنی هێزەکانی شورەوی لەئێران پەیوەندی بەئینگلیزو ئەمەریکاوە کردبوو، بەپێی ئەو قسانەی کەرۆژانە لەمحەمەد رەزاشام دەبیست وادیار بوو ئەمەریکاییەکان پێشنیازی ئەوەاین بەمحەمەد رەزا بوو کەئێران نوێنەری خۆی بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بنێرێت و سکالانامە سەبارەت بەپابەند نەبوونی روسەکان بەچۆڵ کردنی خاکی ئێران پێشکەش بکات" [1].

پێویستە ئاماژە بەو راستیە بکرێت کەهەردوو حکومەتی ئەمەریکاو بەریتانیا کەپێشتر رێگای پێشکەشکردنی بیرەوەرییەوە، شورەویان لەدەرکردنی سوپای سوور لەئێران ئاگادار کردبۆوە، بەگەرمی پشتگیری داواکارییەکانی حکومەتی ئێرانییان کرد کەلەرێگای (سید حسن تقی زادە) سەفیری ئێران لەلەندەن پێشکەشی یەکەیمن دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەوکان کرابوو لە15ی کانونی دووەمی 1946دا، ئێران لەسکالانامەکەیدا شورەوی بەوە تاوانبار کردبوو کەهێزەکانی لەباکوری ئێراندا ناباتە دەرەوەو لەرێگای هاندانی ئازەرو کوردەکانەوە دەست لەکاروباری ناوخۆی ئێران وەردەدات و ئاژوەی بۆ دەنێتەوە. هەروەها سەبارەت بەدەستێوەردانی شورەوی لەکاروباری ناوچە کوردنشینەکانی تەقی زادە ئاماژەی بەسەردانی سێ رۆژەی کۆنسوڵی گشتی شورەوی لەرەزائییەو یازدە ئەفسەری شورەوی دی کردووە بۆ شاری مەهاباد، ئامانجی ئەم سەردانە وەك تەقی زادە شیکردەوە هاندانی سەرۆکە کوردەکان بووە لەدژی کومەتی ناوەندی [2].

شایەنی باسە (فیشنسکی) نوێنەری شورەوی لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مانەوەی سوپای سووری لەباکوری ئێران رەت نەکردەوە، بەڵام ئەوەشی راگەیاند کەجوڵانەوەی ئۆتۆنۆمی خوازی کوردو ئازەر جوڵانەوەیەکی جەماوەرییەو پەیوەندی بەبونی سوپای سورەوە لە ناوچەکەدا نییە، هەروەها ئەندریە حکومەتی تارانی بەوە تاوانبار کرد کەسیاسەتێکی دوژمنانەی بەرامبەر شورەوی گرتۆتە بەرو بەهۆی ئەو پروپاگندە و چالاکیانەی لەئێران دژ بەشورەوی ئەنجام دەدرێن باکۆ لەژێر مەترسی هەڕەشەی لایەنە دژەکانە [3].

---

(4) گذشته چراغ راه اینداست، ل 313-314.

(1) فردوست، س.پ، ل148.

(2) اوری، س.پ، ل288-289.

(3) Borhanedin,op.cit,p.198.

ئاشکرایە تەقی زادە لە 28ی کانونی دووەمی 1946دا دووبارە سکالانامەی ئێرانی دژی شورەویپێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایش کردەوە, ئەنجومەنیش دوای تاووتویٚ کردنی مەسەلەکە بڕیاری ئەوەی دا هەردوو لا لە ڕێگای دانیشتن و گفتوگۆوە دوو بە دوو مەسەلەکە کۆتایی پێبهێنن, بیٚ ئەوەی مەسەلەکە لە کاروبارەکانی ئەنجومەندای دەربهاوری[4].

هەر ڕاستەوخۆ لە دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەد قەوام و بەدەستەوە گرتنی کاروبارەکانی حکومەت , لە 18ی شوباتی 1946دا بە نیازی گفتوگۆ سەرەك وەزیرانی ئێرانینویٚ بەرەو شورەوی فڕی , قەووام بۆ ماوەی سیٚ هەفتە لە روسیا مایەوەو لە مۆسکۆ دوو جار چاوی بە ستالین کەوت و چەند جارێك لەگەڵ مۆلۆتۆڤ وەزیری دەرەوەی شورەویدا کۆبۆوە , لەگەڵ ئەوەی ئەم سەفەرەی قەووام بۆ شورەوی ئاکامێکی دیاریکراوی لیٚ شین نەبوو , بەڵام هەردوو لا زیاتر لە دید وز بۆچوونی یەکتر ئاگادار بوونەوە,حکومەتی شورەوی داوای خودموختاری بۆ ئازەربایجان و مانەوەی بەشێکی هێزی سوپای سوری لە ئێران بۆ ماوەیەکی نادیاری خستە بەردەم قەووام و پێشنیاری دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نەوتی هاوبەشیان کردبوو کە سوود لە دەرهێنانی نەوتی باکوری ئێران وەربگرێت , وەفدی ئێرانی هەوڵی دابوو نەچێتە ژێر باری ئەو داواکارییانە[1].

قەوام ئەلسەلتەنە پێش ئەوی مۆسکۆ بەرەو تاراتن جیٚ بهێڵێت , نامەیەکی نهێنی بۆ ستالین جێهێڵا بوو کە لەسەر دوو مەسەلە پێی داگرتبوو, یەکەمیان حکومەتی ئێرانی ئازەربایجانی ئێرانی بە بەشێکی دانەپچڕاوی خاکی ئێران دەزانێت و ئامادە نییە بە هیچ جۆرێك دەستبەرداری ببێت , بەڵام سەبارەت بەرازیکردنی خەڵکەکەی و چارەسەرکردنی پەیوەندی ئاڵۆزی لەگەڵ تاراندا, حکومەتی ئێرانی ئامادەیە لە ڕێگای پیادەکردنی زنجیرەیەك ریفۆرم بەپێی یاسای بنەرەتی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات , مەسەلەی دووەمیش قەووام وادەو بەڵێنێکی زۆری بە ستالین دابوو سەبارەت بە دەستپێکردنی قۆناغێکی نویٚ لە پەیوەندی دۆستانەی ئێران و شورەوی لە هەموو بوارەکاندا[2].

هەشت ڕۆژ دوای ئەوەی سەرۆك وەزیرانیئێرانی لە مۆسکۆ گەڕاوە بۆ تاران واتەلە 18ی ئازاری 1946دا, جارێکی تر (حسين علاء) سەفیری ئێران لە واشنگتۆن و نوێنەری ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مەسەلەی ئێرانی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا وورووژاندەوە[3] . پشتگیری کردنی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ئێران و تاوانبارکردنی شورەوی بە پێشێلکەریپرنسیپەکانی ڕێکەوتننامە نێو دەوڵەتیەکان , کارییگەریەکی سەلبی لبە هەڵوێستی شورەوی کرد , هەربۆیە ئەگەری سازانی ئێران و شورەوی بە هۆی فشاری نێو دەوڵەتیەوە تا دەهات زیاتر زەمینەی بۆ دەخولقا کە بێگومان مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستانیش بەو کێشمە کێشمە دیپلۆماسیانەوە گریٚ درابوو.

شایەنی باسە ڕێبەرانی هەردوو دەسەڵاتەکەی تەوریز و مهاباد بە دوو دڵیەوە ئەیانڕوانیە سەردانەکەی قەووام بۆ مۆسکۆ و فشاری نێو دەوڵەتی لە سەر شورەوی, لە کاێکدا لەتەوریز

(4) اوری، س. پ، ل289.

(1) کوهستان، 11اسفند 1324.

(2) عاقلی، س.پ، ل383-385.

(3) آوری، س.پ، ل291" العانی، س.پ، ل205.

www.pertwk.com

خۆپیشاندانی جماوەری ئەنجامدەدرا بۆ وورە بەرزکردنەوە دروشمی (أولمك وار دونمك يوخدور/ مـردن هەيـە و پاشەکشـەنییە) يـان بەرزدەکرايـەوە[4]، جـۆرە بێدەنگيـەك بـالی بەسـەر کوردسـتاندا کێشابوو, ڕێبەرانی کۆماری بێ ئەوەی دژە بەرنامەيەکيان هەبێت لە خانەی چاوەڕوانيدا بوون, وەك پێشەوا لە گفتو گۆيەکی دوو قۆڵی لە گەڵ عەقيد بەکر ئاغای ئەفسەری هێزی بارزاندا درکاندوويەتی(( بـابزانين خـوا چـی دەکـات .... جـاریٚ ووتوێـژ لـە نێـوان قەواموڵسـەڵتەنەو ڕووسـەکان هەيـە... بـەڵام هيوادارم روسەکان بە بەڵيچنی قەووام هەڵنخەڵەتێن)) [5].

پێویسته لليرەدا ئاماژە بە زيرەکی و ڕۆڵی ديماگۆجييەکانی قەووام بدرێت کە کەم کـەس سـەری لێدەردەکرد, وەك ديارە بە گەيشـتنەوەی قـەووام بـۆ تـاران ناوەنـدە ڕەسمييـەکانی ڕاگەياندنیئێرانی کەوتنـە دەهـۆڵ کـوتين و بـە بـاڵای قەووامـدا هـەڵيان دەدا وەك ديموکراتيخـوازێکی ڕەسـەن و ڕزگارکـەرێکی ميللی باسيان دەکرد[6]، لـە لايـەکی ديشـەوە قـەوام هەسـتا بـە دەسـتەبەرکردنی زۆربـەی کەسـايەتيە نـاودارە ئينگليزخوازەکـانی وەك : حسـن أرفـع , سـيد ضـياءالدين طباطبـائي و علـی دشـتي... هتـد[1]، و ئـازادی کـاری بـۆ حيزبـی تـودە مسـۆگەر کردبـوو, جگـە لـەوەی لـە زۆربـەی ئاخاووتنەکانيشيدا بەڕێزەوە نـاوی شورەوی دەهێنا و خـۆی وەك دۆسـتێکی شـورەوی نيشـان دەدا , بـەمجۆرە زەمينـەی نزيـك بوونـەوەی ئێـران وشـورەوی تـا دەهـات خۆشـتر دەبـوو, ئـەوەبوو لـە کاتێکدا (سـادچيکۆف) سـەفيری مـەزنی نـوێی شـورەوی گەيشـتە تـاران , ووتوێـژە پچـراوەکەی مۆسـکۆو تـاران دەستی پێکردەوە و هەردوو لا لە4 ی نيسانی 1946 دا لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

1ــ هێزەکـانی سـوپای سـور لـە مێـژووی 24ی ئـازاری 1946وە و لـەماوەی مـانگ و نيوێکـدا خاکی ئێران بە جێبهێڵن.

2ـ ڕێکەوتننامـەی دامەزراندی کۆمپانيای تێکەڵاوی نـەوتی ئێرانی و سـۆڤێتی و مەرجەکانی لـە 24ی ئادارەوە تا7 مانگی دی بۆ مەجليسی پازدەهەم بە مەبەستی بڕياردان لەسەردان ئامادە بکرێت.

3ــ سـەبارەت بـە ئازەربايجـان لەبەرئـەوەی مەسـەلەيەکی نێـو خۆييـە , بـە شـێوەيەکی ئاشـتيانە و ڕێگای پيادەکرنی ريفۆرم بە پێی ئـەو ياسايانەی هـەن و بـە گيـانێکی خێرخوازانـەوە بەرامبـەر خـەڵکی ئازەربايجان لە نێوان دەوڵەت و خەڵکی ئازەربايجاندا چارەسەر بکرێت [2].

لە ڕاستيدا مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتنامەيە لە نێوان ئێران وشورەویدا سـەرکەوتنێکی مـەزن بـوو بۆ قەوام ئەلسەلتەنە چونکە لەلايـەك چۆڵکردنی سـوپای سـور لـە باکوری ووڵات مسـۆرگەر کردنـی بـە ئامـانجی يەکـەم و کليلـی چارەسـەرکردنی سـەرجەم قەيرانـەکان دادەنـا , لـە لايـەکی ديـش فاکتـەری دەرەکـی لـە مەسـەلەی ئازەربايجـان و کوردسـتان دامـاڵی و بێلايـەنی شـورەوی چـنگ خسـت بـەوەی مەسـەلەکە بەشـێك لـە کـارو بـارەی نـاوخۆيی ئێـران و چارەسەرکردنيشـی خرايـە ژێـر ڕەحمـەتی

(4) الجبرانی، س.پ، ل134.

(5) حەوێزی، س.پ، ل88

(6) عاقلی، س.پ، ل290.

(1) آوری، س.پ، ل290

(2) گذشته چراغ راه ايندەاست، ل353" العانی، س.پ، 206.

www.pertwk.com

دەسەولاّتی ناوەندییەوە.سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمپاینای نەوتی هاوبەشی شورەوی و ئێرانی وەك ئاشکرایە دەسەلاّتدارانی شورەوی گرێنتیەکیان لەم بارەیەوە لەحکومەتی ئێران وەرنەگرتبوو [3] , بەلّکو هەموو هیوایەکیان لە سەر بەلّێنەکانی قەووامی(ئازادیخواز و دۆستی شورەوی ) و خولی پازدەهەمی مەجلیسی شورا هەلّچنیبوو کە ئاییندەیەکی ڕوونی نەبوو , شایەنی باسە جگە لەوەی چالاکییە دیپلۆماسیەکانی ئێران و فشاری ڕێکخراوی نەتوە یەکگرتووەکان لە سەر شورەوی کارتێکی بەهێزیان دایە قەووام بۆ دەرکردنی سوپای سشور لە باکوری وولات , هێشتنەوەی ئەو دوو بڕیارەش کە پێشتر مەجلیسی شورای ئێرانی سەبارەت بە : یەکەم: نەدانی هیچ ئیمتیازێکی نەوتی بە هخیچ دەولّەتێکی بێگانە لە لایەن حکومەتەوە تا تەواوی هێزە بێگانەکان لە خاکی ئێران نەکشێنەوە, دووەمیش قەدەغەکردنی هەلّبژاردنەکانی خوولی پازدەهەمی مەجلیس تا هەموو هێزە بێگانەکان لە ئێران نەچنەدەرەوە و دەسەلاّتی ناوەندی بۆ هەموو ئەو ناوچانە نەگێرِێتەوەکە ئالّۆزیان تێدایە, پابەندبوونی قەوام بەم دوو بریارەوە کارتێکی بەهێزیان دایە تا لە بەلّێنەکانی بۆ شورەوی گرێنتیەك نەداو دواتریش بۆ جیّ بەجێکردنی ئەو بەندانەی لە ڕێکەوتننامەکەدا پابەندی بوو واتە چارەسەری مەسەلەی ئازەربایجان و دامەزراندنیکۆمپانیایەکی نەوتی هاوبەشی شورەوی ــ ئێرانی, زەمینەیەکی هەلّسورانی ئازادانەتری بۆ بڕەخسێت, ئەمەش لە ڕاستیدا بۆ زیرەکی قەوام و ڕاوێژکارەکانی دەگەڕایەوە [1].

سەبارەت بە هەلّوێستی شورەوی ,(ڤاسليڤ) ڕەخنەی لە سیساسەتی ستالین گرتووە سەبارەت بەو قەیرانەی لە ئێراندا دروستی کردووە لە ئەنجامی دواخستنی کێشانەوەی هێزەکانی شورەوی لەئێران و دواتر دەلّێت (( ئەو کاتەی بە لەبەر چاو گرتنی جیاوازی ڕەگەزی و هەرێمی لە ئێراندا هێزێکی ڕاستەقینەی بەو چەشنە نە بوو سەنگەر لە دەسەلاّتی ناوەندی بگرێت , هەروەها یەکێتی شورەوی کە دوای هەلاّیسانی شەڕی ساردو بەخشینی ئۆلتیماتومی سەرۆك (ترومن) ی ئەمەریکی بە ستالین ئامادەیی نەبوو بیّ چەکی ئەتۆمی و لە پێناوی ئێراندا لەگەلّ دەولّەتە ڕۆژئاواییەکاندا بچێتە جەنگێکی ڕاستەقینەوە, هەر بۆیە ستالین بۆ پاراستنی ئاوی ڕووی ناچار بوو بیّ هیچ گرێنتیەك لەگەلّ قەووام ئەلسەلتەنەدا باس لە ئیمتیازی نەوتی باکور بکات و بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانی لە ئێراندا بدات)) [1].

---

(3) هەر لە4ی نیسانی 1946دا قەوام لەنامەیەکیدا بۆ سارجیکۆف چۆنییەتی دامەزراندنی کۆمپانیا هاوبەشەکەی ڕاگەیاند کە بۆماوەی 50 سالّ سوود لەدەرهێنانی نەوتی باکور وەرگرێتو بەشەکان بەرێژەی 51 بۆ شورەویو 49 بۆ ئێران لە 25 سالّی یەکەمدا دابەشبکرێتو لە 25 سالّی دووەمیشدا هەردوولا یەکسان بن.

نیا، س.پ، ل300-301" النداوی، عبدالمناف جاسم، اشکالات الانسحاب السوفیتی من ایران ایار 1946، مجلة کلیة المعلمین، العدد الخامس، السنه الثالثة، بغداد،حزیران 1996، ص17.

(1) فردوست لەبیرەوەرییەکانیدا دەلّێت:" قوام ئەلسەلتەنەیەك کەبرای وثوق ئەلدەولەیەکە پەیمانی 1919ی لەگەلّ ئینگلیز مۆرکرد، قوام ئەلسەلتەنەیەك کەلەهەواداران و بگرە نۆکەرەکانی دەستگا ئینگلیزییەکان بوو، ئایا دەتوانرێت وابیخەینە پێش چاومان کەبیّویستو ڕاوێژی ئینگلیزەکان سەردانی مۆسکۆی کردووەو دواتریش لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی ڕێکەوتننامەیەکی گرنگی وامۆر بکات؟!"

فردوست، س.پ، ل150.

(2) ڤاسیلیڤ، الیکسی، روسیا في الشرقین الادني والاوسط، من الرسولية الي البراغماتية، ترجمة المرکز العربي للصحافة والنشر، مراجعة: د. حمدي عبدالحافظ، مکتبة مدبولي، القاهره،ص 37-38.

www.pertwk.com

(اوری)یش لە لای خۆیەوە دەڵێت ((لە ڕاستیدا کۆنترۆڵکردنی ڕۆژئاوای ئێران لە لایەن شورەویەوە خەونێکی گەورەی ستراتیژی ڕووسەکان بوو, هەر چەندە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی وا دەهاتە بەرچاو کە ئاژاوەی ئازەربایجان و کوردستان ئاکامەکەی بە دامەزراندنی دوو دەوڵەتی دەسکەلای شورەوی کۆتایی دێت ,بەڵام شورەویەکان لە ڕاستیدا ئەم بەزمەیان نابۆوە تا سەرنجی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە بارودۆخی ئەورووپای ڕۆژهەلات وەرگێرن)) [3].

وەك بینرا نە لەگفتوگۆکانی ئێران و شورەوی لە مۆسکۆ و نە لە ڕێکەوتنامەکەی قەوام ــ سادجیکۆڤ دا باس لە کورد و کێشەکەی نەتەوایەتیەکەی لە ئێراندا نەکراوە و وەك ئاکامێکی لاوەکی قەیرانەکەی ئازەربایجان تەماشا کراوە , حکومەتی شورەویش کە چ پەیوەندییەمیڕەسمی لەگەڵ دوو دەسەلاتە ئازەری و کوردییەکە دا دانەمەزراندبوو,لە گشت بۆنەکانیشدا ئەوەیدووپات دەکردەوە کە مەسەلەی ئازەربایجان مەسەلەیەکی ناوخۆییە, دوای ئەوەی بەڵێنی ئیمتیازی نەوتی لە حکومەتی ئێران وەرگرت هیچ ئیلتیزامێکی وای نەبوو ڕێگر بێت لە بەردەم کشانەوەی سوپای سور لە باکوری ئێران کە بە پراکتیك کردنی تا 9ی ئایاری 1946 هێزێکی لە ناوچەکەدا نەماو هەمموی گێڕانەوە خاکی شورەوی [4]. ئەم هەنگاوەی شورەوی بۆ ڕێبەرانی کورد و ئازەری دڵخۆشکەر نەبوو, چونکە هەتا سوپای سور لە ناوچەکەدا بوو حکومەتی ئێرانی نەیدەتوانی پەلاماری سەرتاسەری ئازەربایجان و کوردستان بدات, بەمەش کارتێکی هێزیان لە دەست دا, بە تایبەتی بۆ ئازەریەکان کە لە گەڵ بوونی سوپای سور لە ناوچەکەیاندا ڕاهاتبوون و هەماهەنگی ناوخۆی ئازەربایجان لە ئاستێکی پتەودا نەدەبینرا.

(عبدالرزاق الحسنی) لە بەرگی حەوتەمی کتێبی مێژووی وەزارەتەکانی عێراقدا باس لەوە دەکات کە پێشەوا بە بۆنەی کشانەوەی ئۆردوی سور تەلەگرافێکی پیرۆزبایی بۆ قەووام ئەلسەلتەنە ناردووە ئەویش وەلامی داوەتەوە و سووپاسی کردووە[1]لە ڕاستیدا ئێکمە باسی ئەو تەلەگرافە یاخوددەقەکەیمان لەبلاوکراوە ڕەسمیەکانی ئەو کاتە نەدیتووە, بەلام دەگونجێ قازی وەك هەڵوێستێکی ڕەسمی و بۆ نیشاندانی نیازپاکی ئەو کارەی کردبێ.

شایەنی باسە بەو شێوەیەش ڕێبەرایەتی کۆمار دوای بیستنی هەواڵی چۆلکردنی سوپای سور زیاتر کەوتنەخۆو ورەیان بەرنەدا, وەزارەتی جەنگی کۆمار داوای لە هێزی عەشایری کوردستان کرد رووبکەنە ناوچە سنورییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی لەناکاوی ئێرانی، بەتایبەتی لەناوچەی سەقزەوە، پێشەوا لەبەرامبەر سەرۆك عەشیرتەکانی کوردو هێزەکانیاندا لە 5ی ئایاری 1946دا رایگەیاند:

" لەکاتێکی دا ئوردوی سور لەنێومان دابو دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بلاودەکردەووە کەداواو تیدیعا کوردان هەموی بەهۆی سیاسەتێکی خارجییە، کەمەقصودیان ئوردوی سوربو، بەلام ئەورۆ بەئاشکرای لەهەمو کەسێك معلوم بوە کەکورد ئازادی دەویۆ دەست لەو مەرامە هەڵناگریۆ وجودی ئەو عەشائیرانە لەو رۆدا کەبەگیانو ماڵ ئامادەن ئاخرین دڵۆپی خوێنی خۆیان بۆ ئەو مەرامە برژێنن

(3) اوری، س.پ، ل287.

(4) ایغلتن، س.پ ، ل160.

(1) الحسني، عبدالرزاق، تأريخ الوزارات العراقية، الطبعة السابعة، الجزء السابع، بغداد 1998، ص 171.

www.pertwk.com

شاهیدێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی کورد ئازادی دەوێ و دەستی لیچ هەڵناگرێ و بۆ وەچنگ هێنانی ئازادی ئیعتمادی هەر بەخۆیە.

ئەمن زۆر سوپاسی برا مەنگوڕەکان دەکەم هەر بەبیستنی ئەوەی کەزانیویانە ئۆردوی سور ولاتی تەخلیە کردەوەو رۆژی کارە، گەورو چوکیان، بۆ پاراستنی ولات ئامادەی خزمەت بون.

برایانی مامەش.. هەروەها برایانی گەورەك و دیبۆکریو زەرازاو ئاغایانی قەرەپاپاق هەموی ئەورۆ وەك کورد لەمەیدانێ دا راوەستاون و چاوەنۆری فەرمانن.. برایانی خۆشەویستی بارزانی کەلەرێگای وەدەست خستنەوەی ئازادی کوردستانی مەزن ولات و ماڵ و منداڵیان لەپێش چاو نییە هەمویان لەپێناوی ئەو مەطلەبە ناوە..جەنابی حەمە رەشید خان کەچەند وەختە لەو پێناوەدا ئیمتیحانی خۆی داوە، هەموی ئەوانە بەڵگەیەکی زۆر گەورەن کەجونبوشی ئازادیخواهی کوردستان بەهۆی سیاسەتی خاریجی نەبوە بەڵکو هێزێکە لەدڵی هەمو کوردێك دا مەوجودەو لەسایەی خودا ئەو هێزەش ئەوەندە بەقوەتە کەدەتوانێ دەستی ظالم ببڕێ. بەلام میللەتی کوردی زۆر خاوەن ئینصاف و روحمە دیسان لەسەر ئەو حاڵەشەوە کەهێزی زۆر کافیە بۆ ئەستاندنەوەی ولاتی خۆمان و تۆڵە ستاندنەوەمان لەسەر ئەوانەشەوە ئەوا خەریکین کەوا بەرێگایەکی صولح و موسالەمەت حقوقی خۆمان وەرگرینەوە" (2).

(2) وەرگیراوە لە: ئەمین، حکومەتی کوردستان، ل 258–259.